سەرۆک بارزانی: بە توندی ئیدانەی خوێنڕێژشتن و کوشتن و بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی خۆپێشاندەران دەکەین

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5928)یەک شەممە 9ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

ڕۆژی پێنجشەممە 2020/2/6 سەرۆکی بارزانی لەبارەی پەرەسەندنی توندوتیژی و ڕووداوە خوێناوییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی بەغدا و نەجەف، پەیامێکی بڵاوکردەوە. لە پەیامەکەدا سەرۆک بارزانی نیگەرانی خۆی خستووەتەڕوو سەبارەت بە پەرەسەندنی توندوتیژیی و ڕووداوە خوێناوییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی بەغدا و نەجەف و زۆر بە تووندیی ئیدانەی خوێنڕێژشتن و کوشتن و بەکارهێنانی توندوتیژیی لەدژی خۆپێشاندەران کردووە. **(دەقی پەیامەکە لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆککۆماری عێراق دەکات


پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا تەوەرێکی دانیشتنەکە بوو



ڕۆژی پێنجشەممە 2020/2/6 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە د. بەرهەم سالح سەرۆککۆماری عێراق کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و دواپێشهاتەکانی عێراق و پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەت و ڕاسپاردنی سەرۆکوەزیرانی تازەی عێراق تاوتوێ کرا.

هەروەها بیروڕا لەبارەی ڕێگەچارەکان بۆ دەرچوونی عێراق لە قەیرانەکان و گەڕانەوەی سەقامگیری و جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپێشاندەران ئاڵوگۆڕ کرا. پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا تەوەرێکی تری ئەو دانیشتنە بوو.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی نەرویجی دەکات



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی حکوومەتی نەرویجی بە سەرۆکایەتی نوت لەین نێردەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی نەرویج بۆ کاروباری عێراق و سوریا کرد. لە دیدارەکەدا، دوا گۆڕانکارییەکانی عێراق و سوریا و پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و نەرویج تاوتوێ کرا.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

ناڕەزایی و داواکارییەکانی خەڵک بە زەبری هێز و سەرکوتکاری نە کپ دەکرێن و نە چارەسەر دەبن

سەرۆکی هەرێمی کوردستان: داوا دەکەین هەرچی زووترە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی تازە یەکلابکرێتەوە



ڕۆژی پێنجشەممە 2020/2/6 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی لەبارەی تووندوتیژیی و دوا پەرەسەندنەکانی عێراق بڵاوکردەوە. لە پەیامەکەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیدانەی بەکارهێنانی تووندوتیژی دژ بە خۆپیشاندەران لە عێراق کردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە خۆپیشاندانی ئاشتییانەی مەدەنی، مافێکی دەستووریی ڕێگەپێدراوە، کوشتنی خۆپیشاندەران و بەکارهێنانی هێز بۆ تۆقاندن و بڵاوەپێکردنیان، تاوانێکی زەق و زەوتکردنی ئازادی و مافە دەستووریيەکانی هاوواڵتیانە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ڕاگەیەندراوێک
لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە

بەردەوامیی بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە خۆپیشاندەران لە عێراق ئیدانە دەکەین.

خۆپیشاندانی ئاشتییانەی مەدەنی، مافێکی دەستووریی ڕێگەپێدراوە، کوشتنی خۆپیشاندەران و بەکارهێنانی هێز بۆ تۆقاندن و بڵاوەپێکردنیان، تاوانێکی زەق و زەوتکردنی ئازادی و مافە دەستووریيەکانی هاوواڵتیانە.

ئێمە لە کاتێکدا داوای ڕاگرتنی ئەو توندوتیژی و هەڵسوکەوتە ناڕەوا و نایاساییە دەکەین، پشتگیریی خۆمان بۆ داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەران دووپات دەکەینەوە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی و ژیانێکی باشتر کە مافی شایستەی گەلی عێراقە.

دەبێ هەموان لەوە تێبگەن کە کێشە و ناڕەزایی و داواکارییەکانی خەڵک بە زەبری هێز و سەرکوتکاری نە کپ دەکرێن و نە چارەسەر دەبن، هاوکات بۆ کۆتاییهێنان بەو قەیرانە، داوا دەکەین هەرچی زووترە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی تازە یەکلا بکرێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/2/6

گفتوگۆ لە نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوامە بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی هەیە پڕبکرێتەوە

سوپاسالاری پێشووی عێراق گوتی، هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانەوەی داعش، ئەو بۆشاییە ئەمنییە کە لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەدا هەیە، کە هێزی عێراقی و پێشمەرگە گفتوگۆی بەردەوام دەکەن بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن و ئەو بۆشاییە ئەمنییە پڕ بکەنەوە، بەڵام هێشتا ڕێک نەکەوتوون. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پەرلەمانتارێکی پێشوو: ئەمەریکا لە عێراق دەربچێت کۆتایی بە عێراق دێت

دوای ئەوەی بەرپرسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرای کرد، هەزارەها چەکداری بیانی لە عێراق ماون، پەرلەمانتارێکی پێشووی عێراق پێی وایە، هێشتا هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش ماون و دەشڵێ، ئەمەریکا لە عێراق بچێتە دەرەوە کۆتایی بە عێراق دێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

27 هەزار تیرۆریست لە عێراق و سووریا هەن

سەرۆکی ئیدارەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایدەگەیەنێت، کە 27 هەزار تیرۆریست لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقدا هەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



بەفرێکی زۆر، چەندین ناوچەو گوندی باکووری کوردستانی لێک دابڕاندووە



ڕاگەیەندراوێک سەبارەت بە مەرگی ناوادە و کتوپڕی هەڤاڵی جوانەمەرگ «عەتا شێخ حەسەن» کادری دڵسۆز و چالاک و ماندونەناسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە کاتژمێر 6:45 ڕێکەوتی 2020/2/6 هەڤاڵ عەتا شێخ حەسەن ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای (سلێمانی - هەڵەبجەی) پارتی دیموکراتی کوردستان بەمەرگێکی کتوپڕ گیانی لەدەستدا و چووە بەر دلۆڤانی خودا. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



تەقەکردن لە تانکەرەکان، ڕەنگە دووبارە قەیرانی نەبوونی غاز دروست بکاتەوە

لە کۆی 150تانکەری گواستنەوەی غاز لە کێڵگەی غازی کۆرمۆر لە چەمچەماڵ بەهۆی تەقە لێکردنەوە تائێستا 22تانکەریان لەکارخراون. ئەندامێکی لیژنەی سامانە سروشییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت:«پلانی تەقە لێکردنەکە بۆ ئەوەیە ژمارەیەکی زیاتری تانکەر لەکار بخرێت و گواستنەوەی غاز کێشەی بۆ دروست بێت». **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق دەکات

سەرۆک بارزانی: فەرەنسا دەوڵەتی پڕەنسیپ و بەهاکانە

بڕۆنۆ ئۆبێرت: فەرەنسا هەمیشە خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندی و دۆستایەتییە لەگەڵ گەلی کورددا

ڕۆژی پێنجشەمە 2020/2/6 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە بڕۆنۆ ئۆبێرت باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق کرد. لەدیدارەکەدا کە ئۆلیڤییێ دیکۆتینی کونسوڵی فەرەنسا لە هەولێریش ئامادەی بوو، سەرۆک بارزانی سوپاسی سەرۆک و حکوومەتی فەرەنسای کرد بۆ پێدانی چارەسەری و دەرمانکردنی مەمەد حەمید، کوڕە گەنجە کوردەکەی سووریا کە بوونە هۆی ئەوەی لە مەرگ ڕزگار بکرێت.

سەرۆک بارزانی ستایشی هەڵوێستی دۆستانە و مرۆڤسالارانەی فەرەنسای کرد لەبەرانبەر گەلی کوردستان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا و ڕایگەیاند کە فەرەنسا دەوڵەتی پڕەنسیپ و بەهاکانە.

هەر لەو دانیشتنەدا باڵیۆزی فەرەنسا لە بەغدا پێزانینی بۆ سەقامگیری و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان هەبوو و جەختیشی لەوە کردەوە کە ولاتەکەی هەمیشە خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندی و دۆستایەتییە لەگەڵ گەلی کوردردا. لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا باروودۆخی سیاسیی عێراق و گرژی و ئاڵۆزی و قەیرانەکانی عێراق تاوتوێ کرا و هەردوولا جەختیان لە پێویستیی گەڕانەوەی سەقامگیری و جێبەجێکردنی داوا ڕەواکانی خەڵک کردەوە. هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی عێراق لە چارەسەرکردنی کێشەکانی و، کردنەوەی دەرگە بۆ دیالۆگێکی نیشتیمانیی گشتگیر.

سەرۆک بارزانی:

بە توندی ئیدانەی خۆپێڕێشتن و کوشتن و بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی خۆپێشاندەران دەکەین

ڕۆژی پێنجشەمە 2020/2/6 سەرۆکی بارزانی لەبارەی پەرەسەندنی توندوتیژی و ڕووداوە خوێناوییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی بەغدا و نەجەف، پەیامێکی بڵاوکردەوە. لە پەیامەکەدا سەرۆک بارزانی نیگەرانی خۆی خستووەتەڕوو سەبارەت بە پەرەسەندنی توندوتیژی و ڕووداوە خوێناوییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی بەغدا و نەجەف و زۆر بە توندی ئیدانەی خوێنڕێشتن و کوشتن و بەکارهێنانی توندوتیژیی لەدژی خۆپێشاندەران کردووە.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زۆر نیگەرانین لە پەرەسەندنی توندوتیژی و ڕووداوە خوێناوییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی بەغدا و نەجەف و زۆر بە توندی ئیدانەی خوێنڕێشتن و کوشتن و بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی خۆپێشاندەران دەکەین.

داوا دەکەین حکوومەتی عێراقی و دامودەزگای ڕەسمی و پەیوەندیدارەکان ئەرکی خۆیان لە ڕێگەگرتن لە خوێنڕێشتن و پاراستنی گیانی هاوواڵتیان و خۆپێشاندەران جێبەجێ بکەن. پێویستە لایەنە سیاسییەکانیش بۆ گەییشتن بە چارەسەر، بە زمانی عەقل و مەنتیق مامەڵە لەگەڵ ئەو قەیرانە قوڵە بکەن کە بەرۆکی عێراقی گرتووە.

هەر لێرەیشەوە پشتیوانی خۆمان بۆ داوا ڕەواکانی خۆپێشاندەران و هاووڵاتیان دووپات دەکەینەوە و، سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیان و شەهیدانی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق دەکەین و هیوای چاکبوونەوەی خێرایش بۆ بریندارانی دەخوازین.

مسعود بارزانی
6ی 2ی 2020

به نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی

هێمن هەورامی بەشداری لە پرسەی خوالێخۆشبێت شێخ عەتا شێخ حەسەن کرد

ڕۆژی پێنجشەمە 2020/2/6 هێمن هەورامی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتی سەرۆک مسعود بارزانی بەشداری کرد لە پرسەی خوالێخۆشبێت شێخ عەتا شێخ حەسەن ووتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی و هەڵەبجە. لە پرسەکەدا هێمن هەورامی پرسەو سەرەخۆشی جەنابی سەرۆک بارزانی گەیاندە بنەماڵەو کەسوکار و هەڤاڵانی پارتی لەو سنوورە و ڕایگەیاند: خەمبارین بە لەدەستدانی کادیری پێشکەوتوو و دڵسۆزی پارتیمان. لەدەستدانی کاک شێخ عەتا شێخ حەسەن کۆستێکی گەورەیە بۆ پارتی و هاوکات هیوای خواست خوای گەورە ڕوحی خوالێخۆشبێت بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئارامیش بە بنەماڵە و کەسوکار و هەڤاڵانی ببەخشێت.

بەشیر حەداد داوا لە حکوومەت دەکات گیانی خۆپێشاندەران بپارێزێت



جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق نیگەرانی خۆی لە بارەی ڕووداوەکانی شاری نەجەف دەربڕی، کە بەهۆیەوە دەیان خۆپێشاندەر لە گۆڕەپانی خۆپێشاندانەکان شەهید و بریندار بوون.

دکتۆر بەشیر حەداد، ڕەخنەی لە هێزە ئەمنییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پارێزگاکە گرت بەوەی کە بەهۆی کۆنترۆڵنەکردنی دۆخەکەوە کێشە سەریەڵداوە و بەربەککەوتن لەنێوان خۆپێشاندەران دروست بووە و دواتریش کەسانی گێرەشێوێن دۆخەکەیان قۆستەوە بۆ دروستکردنی قەیرانێکی نوێ لە شەقامی نەجەف.

لە ڕاگەیێندراوەکەیدا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند "هۆشداری لە گرژبوونی زیاتری دۆخەکە دەدەین، دوای ئەوەی ئەو ڕووداوەی ناخۆشەی کە دوێنێ لە نەجەف ڕوویدا، پێویستە حکوومەتی ئێستا تەواوی بەرپرسیارێتیی بگرێتە ئەستۆ و ڕێوشوێنی جدی بگرێتەبەر بۆ پاراستنی خۆپێشاندەران و سەقامگیرکردنی دۆخی پارێزگاکە و خێراکردن لە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بە دامەزراندنی شانەی قەیرانەکان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل بۆ ڕووداوەکە و سزادانی تاوانباران و هەموو ئەو کەسانەی لە پشت کێشە و پشێویيەکە بوون".

حەداد داوای لە خۆپێشاندەرە ئاشتیخوازەکانی نەجەف و سەرجەم پارێزگاکانی دیکەی عێراق کرد، دان بەخۆیاندا بگرن و ئاشتیخوازانەی خۆپیشاندانەکانیان بپارێزن و هاوکاری هێزە ئەمنییەکان بن بۆ زامنکردنی ئاسایشی گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان و ڕێگری لە گێرەشێوێنان بگرن تاوەکو دزە نەکەنە نێو ریزەکانیان بۆ ئەوەی بەردەوامبن لە داوا ڕەواکانیان بەشێوەیەکی مەدەنی و شارستانیانە.

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی بیست و شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و سەرجەم ئەندام و لایەنگرانی حزبە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و، هیوای پتەوتربوونی پەیوەندی دۆستانەی نێوانمان شانبەشانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان و یەکخستنی هەوڵ و کۆششەکان دەخوازین بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان و بەهێزترکردنی ئەزموون و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.

ئێمە لە کاتێکدا یادی حزبە خەباتگێڕەکەتان دەکەینەوە و هەوڵ و تێکۆشانی ئێوە بەرز دەنرخێنین، جەخت دەکەینەوە کە هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان وادەخوازێ سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەوپەڕی بەرپرسیاریەتیەوە ئەرکە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانیان ڕاپەڕێنن و لەپێناوی بەرژەوەندییە بالاکانی گەل و ولاتەکەمان دریغی نەکەن و هەوڵی جیددی بدەین بۆ زیاتر پتەوکردنی یەکڕیزیی و یەکدەنگیی هێز و لایەنە سیاسیەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانمان.

جارێکی دیکە پیرۆزبایيتان لێدەکەین و هیوادارین سەرکەوتوو و هەر لە پێشکەوتن دابن..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/2/6

بەڕێز مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین ئەمیندارى گشتى یەکگرتووى ئیسلامى کوردستان..
بەڕێزان ئەندامانى ئەنجوومەنى سەرکردایەتى یەکگرتووى ئیسلامى...

بەبۆنەى بیست و شەشەمین ساڵیادى دامەزراندنى یەکگرتووى ئیسلامى



نەتەوە یەکگرتووەکان:

27 هەزار تیرۆریست لە عێراق و سووریا هەن

سەرۆکی ئیدارەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایدەگەیەنێت، کە27 هەزار تیرۆریست لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقدا هەن. ڤلادیمیێر فۆرۆنکۆف، سەرۆکی ئیدارەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاژانسی (سپوتنیک)ی ڕووسی ڕاگەیاندووە، پێویستە هەمووان ئامادە و هۆشیاربن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.

ڤلادیمیێر فۆرۆنکۆف ئاماژەی بە هەوڵەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆ سەرهەڵدانەوە کردووە و ڕایگەیاندووە، شانە نووستووەکانی داعش هەوڵی دارشتنی ستراتیژیەتێکی نوێ دەدەن لە ناوچە پڕ لە کێشەکان. سەرۆکی ئیدارەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێی وایە ئێستا 20-27 هەزار چەکداری تیرۆریست، لەژێر ناوی چەندین گرووپی جیاوازەوە، لە عێراق و سووریا هەن.


بابەکر زێباری: گفتوگۆ لە نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوامە بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی هەیە پڕبکرێتەوە



سوپاسالاری پێشووی عێراق گوتی، هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانەوەی داعش کە بەپێی قسەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و سووریا نزیکەی 20 هەزار چەکدارن، ئەو بۆشاییە ئەمنییە کە لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەدا هەیە، کە هێزی عێراقی و پێشمەرگە گفتوگۆی بەردەوام دەکەن بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن و ئەو بۆشاییە ئەمنییە پڕ بکەنەوە، بەڵام هێشتا ڕێک نەکەوتوون.

سوپاسالاری پێشووی عێراق، بابەکر زێباری، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی مەترسیی داعش لەسەر عێراق و سووریا هۆشداری داوە و، باسی لەوە کردووە کە نزیکەی 20 هەزار داعش لە عێراق و سووریا هەیە. هۆکاری سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆشاییەکی ئەمنی هەیە کە حکوومەتی عێراق دەیەوێت بەتەنها بەڕێوەی ببات و هەرێمی کوردستانیش داوا دەکات بە هاوبەشی بەڕێوە ببرێت، بۆیە پێویستە ئەو بۆشاییە پر بکرێتەوە، ئەگەرنا داعش مەترسیی بەردەوام دەبێت بۆ سەر ئەو ناوچانە.

بابەکر زێباری گوتیشی: ئەو ناوچانە بوونەتە مۆڵگەی داعش و هەموو کارەکانیان لەو ناوچانەی کە بۆشاییی ئەمنییان تێدایە، ئەنجام دەدەن و بەردەوام هێزە عێراقییەکان باس لەوە دەکەن کە داعش لەو ناوچانە ناهێڵن، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبن، لە خانەقین تا دەگاتە کەرکووک و سەڵاحەدین و مووسڵ تا بەغداش هەن. گوتیشی: گفتوگۆی بەردەوام دەکرێت بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی کە هەیە پر بکرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن، بەڵام پێویستە هێزی پێشمەرگە خەتی بەرگریی خۆیان بەهێزتر بکەن، چونکە داعش بووەتە مەترسی و ڕەنگە کردەوە ئەنجام بدەن، بۆیە پێویستە حکوومەتی عێراق هەرچۆنێک بێت ئەو بۆشاییە ئەمنییەی هەیە چارەسەر بکات، چونکە بەرپرسیاری سەرەکیی لەو بۆشاییە، حکوومەتی عێراقە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی نەرویجی دەکات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: پێویستە هەوڵی نەهێشتنی ئەو فاکتەرانە بدرێ کە یارمەتیدەرن بۆ گەشەسەندنی تیرۆر


ڕۆژی پێنجشەمە 2020/2/6 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی حکوومەتی نەرویجی بە سەرۆکایەتی نوت لەین نێردەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی نەرویج بۆ کاروباری عێراق و سوریا کرد. لە دیدارەکەدا، دوا گۆڕانکارییەکانی عێراق و سوریا و پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و نەرویج تاوتوێ کرا.

نێردەی وەزارەتی دەرەوەی نەرویج ستایشی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ ڕۆڵی بنیاتنەرانەی لە کەمکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە و هێورکردنەوەی دۆخەکە. ئامادەیی وڵاتەکەشی دەربڕی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی، بەتایبەتی گرنگیی پشتیوانیکردنی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و هەڕەشەکانی داعش.

پەیوەندییەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و فەدراڵی بۆ ماوەیەکی درێژ ئاڵۆز بووە و بەردەوامبوونی هاوکاریی مرۆیی نەرویج بۆ پەنابەر و ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی حکوومەتی نەرویجی کرد بۆ ڕۆڵیان لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش کە ئێستا لە چەند ناوچەیەکی عێراق بوونەتە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر هاوواڵتیان.

سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەشدا کە جگە لە هاوکاری و هەماهەنگی سەربازی، پێویستە هەوڵی نەهێشتنی ئەو فاکتەرانەش بدرێن کە یارمەتیدەرن بۆ گەشەسەندنی تیرۆر.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق دەکات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: ئێمە پشتیوانی لە حکوومەتێک دەکەین کە پابەند بێت بە جێبەجێکردنی دەستوور

ڕۆژی پێنجشەمە /2020 2/6 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لە گرنگیی هێزوربوونەوە و سەقامگیربوونی دۆخی ئێستای عێراق کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئێمە پشتیوانی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لە گرنگیی هێزوربوونەوە و سەقامگیربوونی دۆخی ئێستای عێراق کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئێمە پشتیوانی لەحکوومەتێک دەکەین کە پابەند بێت بە جێبەجێکردنی دەستوور و ئەو لەیەکتێگەیشتنانەی لە گەڵ حکوومەتی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هاتووەتە ئارا.

باڵیۆزی فەرەنسا ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی، بەتایبەتی گرنگیی پشتیوانیکردنی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و هەڕەشەکانی داعش.

پەرلەمانتارێکی پێشووی عێراق: ئەمەریکا لە عێراق دەربچێت کۆتایی بە عێراق دێت



دوای ئەوەی بەرپرسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرای کرد، هەزارەها چەکداری بیانی لە عێراق ماون و لەنێو گرووپی تیرۆریستی داعشدا کار دەکەن، پەرلەمانتارێکی پێشووی عێراق پێی وایە، هێشتا هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش ماون و دەشڵێ، ئەمەریکا لە عێراق بچێتە دەرەوە کۆتایی بە عێراق دێت.

موئەید تەیب، پەرلەمانتاری پێشووی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: کاتی خۆی بۆ ڕێکلامی هەڵبژاردن حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، پەلەی کرد لەوەی کۆتایی شەڕی داعشی لە عێراق ڕاگەیاند، چونکە داعش کۆتایی نەهاتووە و بەردەوامیشە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش لە عێراقدا هێشتا ماون و کۆتاییان نەهاتووە، تا عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینێ مەترسیی داعش هەر دەمێنێت. ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق دەڵێت: حکوومەتەکانی پێشووی عێراق شکستیان هێناوە و خەڵکی عێراق ناڕازین لە حکوومەت، چونکە ئەوە دەبینن لە ناوچەکانی باشوور شیعە خۆپێشاندان دژی دەسەڵاتدارانی عێراق دەکەن و لە ناوچەکانی سوننەمەزهەبیش خەڵکی سوننە حکوومەتی عێراق بە حکوومەتی خۆیان نازانن.

موئەید تەیب جەختیشی کردۆتەوە لەوەی ئاڵۆزییەکانی عێراق کاریگەرییان لەسەر جوواڵەی داعش هەیە، چونکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش لە عێراقدا هێشتا ماون و کۆتاییان نەهاتووە، تا عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینێ مەترسیی داعش هەر دەمێنێت.

بۆشاییی ئەمنی گەورە لە عێراق هەیە و داعش بە دەرفەتی زانیوە خۆی بەهێز بکاتەوە، لە وڵاتێکدا سەقامیگری نەمێنێ، دەرفەت بە گرووپە تیرۆریستییەکان و دەستی دەرەکی دەدات، کاری خۆیان بکەن، باشبوونی ڕەوشی ئەمنی و کەمبوونەوەی مەترسییەکان داعش لە عێراق پەیوەستن بە سەقامگیریی پرۆسەی سیاسیی عێراق. لەبارەی بڕیاری دەرچوونی هێزە بیانییەکان و کاریگەرییشان لەسەر جوواڵەی داعش موئەیەد تەیب گوتوویەتی: ڕاستە هەندێ هێزی عێراقی داوای دەرچوونی ئەمەریکا و هێزە بیانییەکان لە عێراق دەکەن، بەڵام پێم وایە ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراق بباتە دەرەوە، کۆتایی بە دەوڵەتی عێراق دێت، لەبەر ئەوەی هیچ هێزێک نییە بەرگری لە عێراق بکات.



داعش هێرش دەکاتە سەر گوندێکی خانەقین باوک و کوڕێک دەکوژێت

شەوی شەمە لە گوندێکی نزیک خانەقین بەهۆی هێرشی داعشەوە باوک و کوڕێک شەهید دەبن و برازایەکیشیان بریندار دەبێت. دوای ئەوەی چەند چەکدارێکی داعش شەوی شەمە هێرش دەکەنە سەر گوندی عەلی سەعدون، باوکێک لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکوژن، برازایەکیشی بەسەختی بریندار دەکەن. بەپێی زانیارییەکانی دەست پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆڵو کەوتوون، ئەو گرووپە چەکدارەی داعش کە ژمارەیان 5 کەس بووە، لە ئاوی ئەڵوەنەوە پەڕیونەتە ناوچەکەوە. لە هێرشەکەی داعشدا بۆسەر گوندەکە، باوکێک بەناوی ئەحمەد حسێن عەلی، کوڕەکەی بەناوی تەحریر ئەحمەد حسێن دەکوژرێن و برازایەکیشی بەناوی فوئاد محەمەد بریندار دەبێت. هەر بەپێی زانیارییەکان سەرلەئێوارەی ڕۆژی شەمە گرووپێکی داعش لە نزیک گوندی باوەپلاوی بینراون و لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبیەوە تەقەیان لێکراوە. گوندی عەلی سەعدون بە دووری 5 کم دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری خانەقینەوە. ناوچەیەکی سوننەنشین و لەژێر کۆنترۆڵی حەشدی شەعبی دایە.

دەواى دوو ڕۆژ لە سووتاندنى لە لایەن لایەنگرانى سەرکردەى ڕەوتى سەدر

خۆپیشاندەران لە نەجەف خێوەتەکانى ناڕەزایان دانایەوە



ڕۆژى هەینى، جارێکى دیکە خۆپیشاندەرانى ناڕازیى لە حکومەت و چینى سیاسیى حوکمڕان لە عێراق، خێوەتەکانى ناڕەزایان لە نەجەف دانایەوە، دواى دوو ڕۆژ لە سووتاندنى لە لایەن لایەنگرانى سەرکردەى ڕەوتى سەدر، مووقتەدا سەدر. ئەندامى لیژنەى هەماهەنگى ناڕەزایى جەماوەرىى لە نەجەف، عەباس زەهرانى ڕایگەیاند، خۆپیشاندەران جارێکى دیکە خێوەتەکانیان لە گۆڕەپانى سەدرەین ناوەڕاستى نەجەف دانایەوە دواى دوو ڕۆژ لە سووتاندنى و لابردنى پاشماوەى خێوەتە سووتێنراوەکان. زەهرانى ڕاشیگەیاند، خۆپیشاندەران بەردەوام دەبن لە دەربڕینى ناڕەزایەتییەکانیان تا ئەو کاتەى داواکارییەکانیان جێبەجێدەکرێن. ئاماژەى بەوەشکرد هەوڵەکانى حکوومەت و حزبە حوکمڕانەکان دژ بە خۆپیشاندەران سەرکەوتوو نابن.

لەلایەکى دیکەشەوە لە ئاکامى ڕووبەڕووبوونەوەى نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە ناوەڕاستى بەغدا پایتەختى عێراق،10 کەس برینداربوون. سەرچاوەیەکى پزیشکیى لە بەغدا ڕایگەیاند، لە ئاکامى ڕووبەڕووبوونەوەى نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە گۆڕەپانى وەسبە ناوەڕاستى بەغدا ڕوویدا، و هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنى ئەو خۆپیشاندەرانەى کە بە بەرد و مۆڵۆتۆف ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، تەقەیان بە ئاسماندا کرد و بۆمبى گازى فرمێکسرێژیان تەقاند.

جێى باسە چوارشەمەى ڕابردوو، لایەنگرانى سەرکردەى ڕەوتى سەدر، مووقتەدا سەدر کە بە "کڵاوشینەکان" ناسراون، گەمارۆى گۆڕەپانى خۆپیشاندانەکانیان دا، ئاگریان لە خێوەتەکان بەردا، و تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد. لە ئاکامى ڕووبەڕووبوونەوەى نێوان خۆپیشاندەران و لایەنگرانى سەربە سەدر،11 کەس کوژران و 122ى دیکە برینداربوون.

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە خانەوادەی عەتا شێخ حەسەن دەکات

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان
بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو عەتا شێخ حەسەن
بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری سلێمانی و "وتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سلێمانی- هەڵەبجە" پارتی دیموکراتی کوردستان "عەتا شێخ حەسەن"م پێگەیشت.
سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆم ئاڕاستەی خانەوادە و کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم. لە خودای میهرەبان داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا اليه راجعون

مسعود بارزانی
6ی 2ی 2020

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دواییی خوالێخۆشبوو عەتا شێخ حەسەن، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی سلێمانی ـ هەڵەبجەی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆشنبیر و کەسایەتیی دیاری سلێمانیمان پێگەیشت.
پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەیان و کەسوکار و دۆستانی دەکەین و هاوبەشی خەمیانین. لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و سەبووری و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/2/6

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی بنەماڵەی عەتا شێخ حەسەن گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک عەتا شێخ حەسەن کەسایەتی نیشتمانپەروەری سلێمانی و گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان -سلێمانی-م بیست. پرسە وسەرەخۆشی لە بنەماڵە و هەڤاڵانی دەکەم و هیودارام خوای مەزن بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/2/6



ڕاگەیەندراوێک سەبارەت بە مەرگی ناوادە و کتوپڕی هەڤاڵی جوانەمەرگ «عەتا شێخ حەسەن» کادری دڵسۆز و چالاک و ماندوونەناسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شەمە کاتژمێر 6:45 ڕێکەوتی 2020/2/6 هەڤاڵ عەتا شێخ حەسەن ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای (سلێمانی - هەڵەبجەی) پارتی دیموکراتی کوردستان بەمەرگێکی کوت و پڕ گیانی لەدەستدا و چووە بەر دلۆڤانی خودا...
خوالێخۆش بوو هەڤاڵ عەتا حسن سالح، ناسراوە بە »شێخ عەتا شێخ حەسەن«
- ساڵی 1965 لە ئاوایی سۆڵەی ناوچەی قەرەداخ لە بنەماڵەی ناسراو و نیشتمانپەروەری شێخانی سۆڵە لەدایکبووە.
- قۆناغەکانی خوێندنی لە سۆڵە و قەرەداخ و سلێمانی تەواو کردووە.
- ساڵی 1985 بڕوانامەی دیبلۆمی لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بەدەستهێناوە.
- ساڵی 1987 پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و لەڕێخستنە نهێنییەکانی ناوچەکەدا چالاکانە کاری کردووە.
- ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و کوڕێکی تەمەن یانزە ساڵانەی هەیە بەناوی »مەزن«
- ساڵی 1997 بەخێزانەوە ئاوارەی هەولێر و دەبێت وەک ئەندامی ناوچەی قەرەداغ دەستبەکار دەبێت.
- ساڵی 2005 دەکرێتە بەرپرسی ڕێکخراوی ڕزگاری لە ناوچەی چواری سلێمانی.
- ساڵی 2009 دەگوێزرێتەوە بۆ دەستەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی لقی چوار.
- ساڵی 2011 دەگوێزرێتەوە بۆ دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی » سلێمانی- هەڵەبجە «ی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- ساڵی 2016 پلەی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سلێمانی و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و گوتەبێژی پارتی لە سلێمانی وەردەگرێت.
-جوانەمەرگ هەڤاڵ شێخ عەتا کەسێکی ڕۆشبیر و نوسەر و ووتاربێژێکی بەتوانا و خاوەنی کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەر بوو ، دەیان گوتار و نووسین و دیداری لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا پێشکەش کردووە و بەردەوام بەشداریی کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینارى سیاسی و وێژەیی و چالاکی جۆراوجۆری ڕۆشبیریی دەکرد.
- ساڵانی 2017 تا 2018 خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری "ڕا" بووە کە گۆڤارێکی فکریی، سیاسی، ڕۆشبیریی دەزگای ڕۆشبیریی و ڕاگەیاندن بوو.
- لە نیسان ساڵانی2006 تا 2009 بەرپرسی لقی سلێمانی "کۆمەڵەی هیوا" بووە کە تایبەت بوو بەو هاوسەرانەی کە بێ منداڵ بوون، هاوکات جێگری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی فەرمانبەرانی کوردستان بووە.
- هەڤاڵ شێخ عەتا لەناو خزم و دۆست و هەڤاڵانیدا نموونەی کەسێکی خۆشەویست و خاکەڕا و ڕووخۆش بووە و نمونەی کادرێکی سەرکەوتووی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و خەمخۆر و ماندونەناسی ڕێبازی پارتی و بارزانی نەمر بوو .
بەداخەوە بەرەبەیانی ڕۆژی6 شەشی شوباتی2020 بەمەرگێکی لەناکاو دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت و چووە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە .. هەزاران سلاو لەڕۆحی پاکی و جێی بەهەشتی بەرین بێت ..

دەزگای ڕۆشبیری و ڕاگەیاندن- ئەنجوومەنی سەرکردایەتی (سلێمانی - هەڵەبجە)ی پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/2/6

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دواییی خوالێخۆشبوو عەتا شێخ حەسەن، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی سلێمانی ـ هەڵەبجەی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆشنبیر و کەسایەتیی دیاری سلێمانیمان پێگەیشت.
پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەیان و کەسوکار و دۆستانی دەکەین و هاوبەشی خەمیانین. لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و سەبووری و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/2/6

پرسەنامەی دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆچی دوایی هەڤاڵ عەتا شێخ حەسەن



بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و هاوپیشە و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و، شەریکی خەم و پەژارەتانین.
هەڤاڵی خوالێخۆشبوو ڕاگەیاندنکارێکی بوێر و حەقبێژ و، کادیرێکی چالاکی پارتیمان و کەسایەتیەکی دیار و ڕێزداری ئەو ناوچەیە و، نمونەی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری بوو، ئومێدەوارین هاوخەمیی هاوڕێ و دوست و ئازیزانی هەڤاڵی کۆچکردوو مایەی دڵنەوایی و سەبووری ئێوە و گشت لایەک بێت.
جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمات دووپات دەکەینەوە و لەخودای گەورە داواکارین سەبووری بەهەموو لایەکمان ببەخشێت وگیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
7ی2ی2020

کەنەدا بەهۆی فڕۆکە ئۆکرانییەکەوە داوای یەک ملیار دۆلار قەرەبوو لە ئێران دەکاتەوە



ژمارەیەک مافناسی کەنەدی سکاڵایەک لە دژی ئێران بۆ دادگا بەرز دەکەنەوە و داوای قەرەبووی زیاتر لە یەک ملیار دۆلار دەکەن. ئەو مافناسانە بە نوێنەرایەتیی کەسوکاری قوربانییە کەنەدییەکانی فڕۆکە تێکشکاوە ئۆکرانییەکە، داوا دەکەن ئێران بڕی یەک ملیار و500 هەزار دۆلاری کەنەدی "یەک ملیار و 100 هەزار دۆلاری ئەمەریکی"، وەک قەرەبوو بداتە کەسوکاری ئەو قوربانییانە.
ئاژانسی ڕوێتەرز بڵاوی کردووەتەوە، کە مافناسە کەنەدییەکان عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای ئێران، فەرماندەکانی سوپای پاسداران و هێزی ئاسمانیی ئێران بە بەرپرسی ڕاستەوخۆی خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکرانییەکە، تۆمەتبار دەکەن.
بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەمە 2020/1/8 فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ئۆکرانی بە176 گەشتیارەوە لە ئاسمانی تاران کەوتە خوارەوە و بە هۆیەوە هەموو سەرشینەکانی گیانیان لەدەست دا. دوای ڕووداوەکە، ڕۆژنامەی (دەیلی مەیل)ی بەریتانی لە زاری سەرچاوەکانی بڵاوی کردووەوە، کە ئەگەر هەیە فڕۆکەکە بە هەڵە یەکێک لەو مووشەکانەی بەرکەوتبێ، کە ئێران بەهێزانەوە دوو بنکەی سەربازیی ئەمەریکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بۆردومان کرد.
میدیاکانی ئێران سەرەتا ڕەتیان کردەوە فڕۆکەکە بە مووشەک پێکرابێ و باسیان لەوە کرد، کە فڕۆکە ئۆکرانییەکە بەهۆی هەڵەی تەکنیکییەوە ئاگری گرتووە و کەوتووەتە خوارەوە.
دواتر لە ڕۆژی شەمە 2020/1/11 سوپای پاسدارانی ئێران دانی بەوەدا نا، کە فڕۆکە ئۆکرانییەکە بە مووشەکێکی سوپا بە هەڵە، تێکشکاوە. بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەمە 2020/1/8 کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سنووری پارێزگای کرماشانەوە، ژمارەیەک مووشەکی (سوپای عێراق دەڵێت 22 مووشەک بووە) ئاراستەی بنکەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە سنووری پارێزگای ئەنبار (17 مووشەکیان لە پارێزگای ئەنبار کەوتە خوارەوە) و پارێزگای هەولێر (یەک مووشەک لە پارێزگای هەولێر کەوتە خوارەوە، چوار مووشەکیش دیار نییە لە کوێ کەوتوونەتە خوارەوە) کرد.

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/2/9 ژمارە (5928) | خەبات

لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسان

راپۆرتی پێشێلکارییەکانی سااڵی رابردووی بااڵوکردەوە



خەبات- عەلی بانیشاری

رۆژی 5ی شوباتی 2020 لە هۆتێل چوارچرای شاری هەولێر لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان لەژێر دروشمی "لەپێناو زامنکردنی مافی رۆژنامەنووسان و پاراستنی ئازادی رۆژنامەگەری" راپۆرتی ژمارە (23 و 24)ی پێشێلکارییەکانی سااڵی 2019ی بااڵوکردەوە. لەسەرەتای کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکەدا سەلەم فاتیح، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان گوتی: لەم ساڵەدا 151 پێشێلکاری بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان و دەزگای میدیایی تۆمارکراوە، کە 66یان پەیوەندیدار بووە بە دەستدرێژی جەستەیی و گیرکردن و ڕاگرتنی کارمەندانی دەزگا میدیاییەکان.

فاتیح ئاماژەی بەوەشدا کە لە ساڵی 2019دا 7 ڕۆژنامەنووس گیانیان لەدەستداوە، 3 ڕۆژنامەنووس بە شێوەیەکی ستەمکارانە کوژراون، 2 ڕۆژنامەنووس بە تەقینەوەی بۆمبی دانراو لە ژێر ئۆتۆمبێلەکانیان گیانیان لەدەستداوە، 1 ڕۆژنامەنووس بە تیرۆر کوژراوە، 1 ڕۆژنامەنووس بە تەقینەوەی بۆمبێکی دەستکرد گیانی لەدەستداوە.

کوردستان فەراهەم بووە.

گوتیشی: دەبێت بەرگری لە کاری ڕۆژنامەوانانی لە کوردستان بکرێت. نیگەرانی خۆشی لەسەر پێشێکارییەکان دەبڕی و گوتی: پێویستە هەوڵبدرێت سەرجەم لایەنەکان کار لەسەر ڕاپۆرتەکە بکەن.

جێگری پارێزگاری هەولێر پشتیوانی خۆیانی بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەبڕی.

هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا ئازاد حەمەدەمین، نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە میدیاکارانی گوت: ڕۆژنامەنووسان لەو ماف و ئیمتیازانە بێبەشن کە فەرمانبەرانی کوردستان هەیە، ئەمەش جێگەی نیگەرانییە. داواشی کرد یاسایی خانەنشینی ڕۆژنامەنوسانیش بگرێتەوە.

ناوبراو گوتیشی: لە ماوەی ڕابردوودا قسەی زۆر لەسەر یاسایی ژمارە 35کراوە کە وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت، ئەمەش کێشەی دروست کردووە. ئازاد محەمەد ئەمین ئاماژەی بەوەشدا هەر یاساییەک لە قازانجی پیشەی ڕۆژنامەگەریی بێت ئەوان وەکو سەندیکا پشتگیری دەکەین و لەگەڵین.

دواتر گۆران جەلال، بڕیارەدەری لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان گوتی: لە ڕووی جۆر و ژمارەوە پێشێلکارییەکان جێگەی نیگەرانین، هەروەها پێنەدانی زانیاری بە میدیاکاران کێشە و نیگەرانی دروستکردووە. ئەو دەشڵێت: هێزە ئەمنییەکانی عێراق و حەشدی شەعبی لە ڕابردوودا سوکایەتیان بە ڕۆژنامەنووسان کردووە. گۆران جەلال دەڵێ: دەبێت هەوڵبدرێت بەدیلی گونجاو بۆ ڕێگیری لە پێشێلکارییەکان بدۆزرێتەوە. داواشیکرد پێشێلکارییەکانی سەر ڕۆژنامەوانان و دەزگا میدیاییەکان کۆتایی بێت و کاری ڕۆژنامەوانی وەکو پیشەیەک ڕێزی لێ بگیرێت.

لە کۆتایی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا د.نەزاکەت حسێن، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسان ئاماژەی بەوەشدا هەر پێشێلکارییەکانی سەر ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لە ساڵی 2019دا خوێندەوە کە بەم شێوەیە بوو: لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا28 حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر بە 66 ڕۆژنامەنووس و دەزگای میدیایی ئەنجامدراوە. لە شەش مانگی کۆتایشدا 38 حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر بە85 ڕۆژنامەنووس و دەزگای میدیایی ئەنجامدراوە. بەکۆی گشتی لە ساڵی ڕابردوودا66 حاڵەتی پێشێلکاریی بەرامبەر بە 151 ڕۆژنامەنووس و دەزگای میدیایی ئەنجامدراوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە لە شەش مانگی کۆتایی ساڵی ڕابردوودا پێشێلکارییەکان بەراورد بە شەش مانگی سەرەتا زیادیانکردووە. ژمارەی پێشێلکارییەکان بەپێی شارەکانیش کە لە ڕاپۆرتی لیژنەکەدا هاتووە بەم شێوەیە: سلێمانی17 حاڵەت، هەولێر 17 حاڵەت، دهۆک 8 حاڵەت، بەغدا یەک حاڵەت، هەڵەبجە یەک حاڵەت، موسڵ یەک حاڵەت، خانەقین 3 حاڵەت. هەروەها جۆری پێشێلکارییەکانیش دیاریکراوە بە شێوەیەک: یەکەم، دەستگیرکردن:19 حاڵەت بەرامبەر بە 37ڕۆژنامەنووس. دووەم، ڕێگەنەدان بە ڕوومااڵ: 24حاڵەت بەرامبەر بە 62ڕۆژنامەنووس. سێیەم، هێرش و سوکایەتی: 10حاڵەت بەرامبەر بە 22ڕۆژنامەنووس. چوارەم، لێدان: دوو حاڵەت بەرامبەر بە سێ ڕۆژنامەنووس. پێنجەم، داخستنی نووسینگە: دوو حاڵەت بەرامبەر بە دوو کەناڵ. شەشەم، دەستبەسەرکردن: چوار حاڵەت بەرامبەر بە 14ڕۆژنامەنووس. حەوتەم، هەڕەشە: چوار حاڵەت بەرامبەر بە حەوت ڕۆژنامەنووس. هەشتەم، فۆرمی زانیاری داواکراوە پڕکرێتەوە: یەک حاڵەت بەرامبەر بەرامبەر بە چوار ڕۆژنامەنووس.

لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و ماف ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان هاتووە: لە ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژئاوای کوردستان 13ڕۆژنامەوانی کورد شەهید کراون. هەروەها ئەوەش هاتووە پێنج لەو ڕۆژنامەنووسانەی پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە لە ڕەگەزی مێین.

ئیمانوئێل ماکرۆن: فەڕەنسا خاوەنی نزیک بە 300 کااڵوەی ئەتۆمییە



سەرکۆماری فەڕەنسا ئیمانوئێل ماکرۆن لە میانەی گوتەیەکیدا لە کۆلێژێکی سەربازی فەڕەنسا باسی لە ستراتیجی بەرگری وڵاتەکەی کرد.

ماکرۆن ئاماژەی بەوەشدا کە پرسی کۆنترۆڵکردنی چەک لە وڵاتانی ئەورووپادا پێویستی بە کارنامەیەکی هاوبەشی نێودەوڵەتی هەیە و گوتی: فەڕەنسا دەست بەکار دەبێت بۆ دانانی بناغەی ستراتیجێکی هاوبەشی نێودەوڵەتی کە ببێتە جێگای زۆرترین بایەخی هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی. دەتوانین ئەم بابەتەش بۆ تەواوی دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەورووپا پێشنیاز بکەین.

سەرکۆماری فەڕەنسا ئەوەشی ئاشکرا کرد کە وڵاتەکەی خاوەنی نزیک بە 300 کااڵوەی ئەتۆمی جەنگییە. ناوبراو جەختی لەوەش کردەوە کە ئاسایشی دوورمەودای ئەورووپا پەیوەستە بە دروستکردنی هاوپەیمانییەکی بەهێز لەگەڵ ئەمەریکا، ئاسایشی فەڕەنساش بەندە بە زیاد کردنی توانا سەربەخۆکانییەوە.

کۆشکی سپی: ڕێبەری ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی لە نیمچەدوورگەی عەرەب کوژرا

کۆشکی سپی ئەمەریکا، کوژرانی ڕێبەری ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی لە نیمچەدوورگەی عەرەب، قاسم ئەلڕیمی لە ئێمەن ڕاگەیاند. لە ڕاگەیەندراوێکدا کۆشکی سپی ئەمەریکا ڕایگەیاند: بە فەرمانی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ، ئەمەریکا ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی تیرۆری ئەنجامداوە و تیایدا ڕێبەر و دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە نیمچەدوورگەی عەرەب، قاسم ئەلڕیمی لە ئێمەن ئەلڕیمی جێگرەکەی ئەیمەن ئەل زەواهیری کوژراون.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە ڕیمی لە ساڵانی1990 کاندا پەیوەندی کردووە بە ئەلقاعیدەوە و لە ئەفغانستان و لەگەڵ ئوسامە بن لادن کاریکردووە و، هاتووە "ڕێککەوتنی ئەلقاعیدە لە نیمچەدوورگەی عەرەب بە ڕێبەرایەتی ڕیمی هێرشی بێ وێژدانانەی کردووەتە سەر مەدەنییەکان لە یەمەن. هەروەها ڕێککەوتنەکە هێرشی زۆری کردووەتە سەر ئەمەریکا و هێزەکانمان". هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەش کراوە کە کوژرانی ڕیمی لەو ئۆپەراسیۆنەدا ئەلقاعیدەی لە نیمچەدوورگەی عەرەب و جیهان لاوازکردووە و، هەنگاوێک لە نەهێشتنی هەڕەشەی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە لەسەر ئاسایشی ئەمەریکا نزیککردەوە.

هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: بە کوژرانی ڕیمی بەرژەوەندی و هاوپەیمانانمان لە ئاسایشی زیاتردان. بە لەناوبردنی ئەو تیرۆریستانەی دەیانەوێت زیانمان پێبگەیەنن بەردەوام دەبین لەسەر پاراستنی گەلی ئەمەریکا.

پێشتر کەناڵەکە هەدەپە و کوردی بایکۆت کردبوو

ئۆپۆزسیۆنی تورکیا و کوردی باکوور بایکۆتی تەلەفزیۆنی CNNی تورکیان کرد

CNN بەردەوام لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانیدا دژی سەربەخۆیی کوردستان وەستاوەتەوە



لە بڕیارێکی قورس و چاوەڕوانەکراودا، پارتی گەلی کۆماری جەهەپە، بڕیاری دا بە تەواوی بایکۆتی کەناڵی تەلەفزیۆنی CNN تورکیا بکات، ئەویش بەهۆی ئەو پاڵپشتییەی کەناڵەکەیە لە پارتی دەسەاڵت. هەدەپە و پارتی باشیش پشتگیریان لەو بڕیارەی جەهەپە کرد.

جەهەپە لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژەی دا، کە دوای کۆبوونەوەیەکی زۆر و گفتوگۆیەکی زۆر، گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە پێویست دەکات CNN بایکۆت بکەین. بایکۆتەکە بەو شێوەیەیە، کە هیچ ئەندامێکی جەهەپە، یان ئەندام پەرلەمانێکیان بۆی نییە لەو کەناڵە دەربکەوێت و قسە بکات.

هۆکاری ئەو بڕیارەی جەهەپە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە CNN بە ئاشکرا پاڵپشتی لە پارتی دەسەاڵت ئاکەپە دەکات، ئەمەش لە هەڵبژاردنی 2019/3/31ی شارەوانییەکانی تورکیا ماسکی خۆی فڕێ دا و پشتگیری لە ئاکەپە کرد. ماوەی 3 ساڵ دەبێت، CNN بە هیچ شێوەیەک هیچ کوردێک و ئەندامێکی هەدەپەی نەهێناوەتە سەر کەناڵەکەی، واتە هەدەپە و کوردی بایکۆت کردبوو.

کەناڵەکە کاتێک باسی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکرد، ئەندام پەرلەمان و سیاسییە تورکەکانی دەهێنا قسەی لەسەر بکەن، یاخود کاتێک باسیان لە ئایندەی هەدەپە دەکرد، بە هەمان شێوە هیچ هەدەپەییەکیان نەدەهێنا، ئەمەش وای کرد کە بەشێکی زۆری هاوواڵتیانی کورد و ئۆپۆزسیۆن ڕەخنە لە کەناڵەکە بگرن. هەدەپە پشتگیری لە بڕیارەکەی جەهەپە کرد، داوای لە پارتەکانی تریش کرد کە بایکۆتی CNN بکەن، چونکە تەلەفزیۆنەکە پەیامی خۆی لەدەست داوە.

CNN سەر بە گرووپی میدیایی (ئایدن دۆغان) بوو لە تورکیا، کە دۆغان بە ئیمپراتۆری میدیای تورکیا دادەنرێت و دەیان ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆی هەیە. بەاڵم لە 2018 گرووپی میدیایی (ئەردۆغان دەمیرئۆرەن) کە ئەویش سەرمایەدارە، توانی کەناڵی تەلەفزیۆنی CNN بە ملیاریک دۆاڵر لێ بکڕێتەوە، لەو ڕۆژەوەش کەناڵەکە بێالیەنی خۆی لەدەست داوە. ئەگەر CNN لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی تورکیا وەکو بێالیەن ناونووس کراوە، بەاڵم ئۆپۆزسیۆنی تورکیا پێی وایە دوای فرۆشتنی کەناڵەکە ئیدی CNN بۆ بەرژەوەندی ئاکەپە کار دەکات. پێشتر چەند نووسەرێکی کوردی باکوور، لە چەند وتارێکدا ڕەخنەی تۆندیان لەCNN گرتبوو، کە بە هیچ شێوەیەک کوردێک داوەتی ئەو کەناڵە ناکات باس لە چارەسەرکردن و بەهای کورد بکات، تەنانەت کاتێک کوردێک داوەتی بەرنامەکانی ئەو کەناڵە کراوە، ئەو کوردە سەر بە پارتی دەسەاڵت بووە و، بە هیچ شێوەیەک بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد قسەی نەکردووە.

لە ماوەی 48 کاتژمێری ڕابردوودا، بەهۆی بایکۆتکردنی CNN لەالیەن ئۆپۆزسیۆنی تورکیاوە، کەناڵە لە ڕایتینگدا، 300 هەزار بینەری لەدەستداوە، واتە ئەو ژمارەیە کەناڵەکەیان سڕیوەتەوە و تەماشای ناکەن، ئەمەش زیانێکی زۆری بە کەناڵەکە گەیاندووە.

لە سەروبەندی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، CNN ڕۆڵێکی ئەرێنی نەبینی و بەردەوام لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانیدا دژی سەربەخۆیی کوردستان دەوەستایەوە و هەوڵی زۆری دەدا ئەو پڕۆسە چارەنووسسازە لەکەدار بکات. لەو ماوەیەدا، هەموو ئەو میوانانەی دەهاتن بۆ قسەکردن لەسەر ڕیفراندۆم، ئەو کەسانە بوون کە تورکی نەتەوەپەرست بوون و ڕای گشتیی تورکیایان دژی کورد و هەرێمی کوردستان دەجوواڵند، مەهەپەییەکان کە دوژمنی کوردن، پێشەنگی ئەو کەناڵە بوون لەبارەی قسەکردن لەسەر ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان.

کۆنترۆڵکردنی شارۆچکەی سەراقیب لەالیەن هێزەکانی ئەسەدەوە

سەراقیب بە دەروازەی سەر ئیدلب دادەنرێت

هێزەکانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد کە ڕووسیا پشتیوانیان دەکات، دەستیان گرت بەسەر شارۆچکەی سەراقیب. هێزەکانی ڕژێم کە لە سوپای ڕژێمەکەی ئەسەد و ئەو گرووپانەی ئێران پشتیوانییان دەکات پێکهاتوون، لە باشوور و باشووری خۆرهەاڵتی ئیدلب لە ڕێگەی وشکانیەوە بەردەوامن لەسەر پێشڕەوی. دوای ڕووبەڕووبونەوە و پێکدادانێکی تۆندیش لەنێوان هێزەکانی ڕژێم لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و گرووپە چەکدارەکانی نەیاری ڕژێم کە تورکیا پشتیوانییان دەکات، هێزەکانی ئەسەد بە پشتیوانی ئاسمانیی ڕووسیا ناوەندی شارۆچکەی سەراقیبیان کۆنترۆڵکرد.

سەراقیب دەکەوێتە باشووری خۆرهەاڵتی ئیدلب و 16 کم لە ناوەندی پارێزگاکەوە دوورە، بە دەروازەی سەر ئیدلب دادەنرێت. ڕێگای نێودەوڵەتیی M5 بە شارۆچکەکەدا تێدەپەڕێت کە لە حەلەب، ئیدلب، حەما، حومس، دیمەشقەوە تا ئوردن دڕێژدەبێتەوە، هەروەها تێپەڕینی ڕێگای نێودەوڵەتیی M4 بە شارۆچکەکەدا کە پارێزگاکانی حەلەب-ئیدلب-لازقیە بەیەکەوە دەبەستێتەوە گرنگیی ستراتیجی ئەو شارۆچکەیەی زیادکردووە.

پارێزگای ئیدلب لە باکووری خۆرئاوای سووریا، لە سەرەتای جەنگی ناوخۆی ئەو وڵاتەوە بە قەاڵی هێزەکانی بەناو ئۆپۆزسیۆن و گرووپە چەکدارەکانی نەیاری ڕژێم کە تورکیا پشتیوانییان دەکات، دادەنرێت. ناوەندی پارێزگاکە بەهۆی کۆچی ناوخۆی وڵاتەوە ژمارەی دانیشتوانی گەیشتووەتە چوار ملیۆن کەس و لە ئاداری 2015دا کەوتووەتە دەست هێزەکانی بەناو ئۆپۆزسیۆن، لەبەرئەوە ئیدلب یەکێکە لەو شوێنانەی ڕژێم لە هێرشەکانیدا بەچڕی دەیکاتە ئامانج.



پشتیوانی لە ڕۆڵی مامۆستایان لە پێگەیاندنی نەوەی نوێدا کرایەوە



بەمەبەستی تاووتوێکردنی ڕەوشی پەروەردەو خوێندن لە سنووردکە و خستنەڕووی کێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانیان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی بەئامادەبوونی چیا محەمەد هەرکی کارگێڕی لق و موسا ڕەسول بەرپرسی لێژنە ناوچەی زانست لەگەڵ ژمارەیەک لە مامۆستای ئافرەتی دەڤەرەکە کۆبوونەوە. لەمیانی کۆبوونەوەکەیاندا شاندی مامۆستایان ئاماژەیان بەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەرکە پەروەردەییەکانیان و ڕەوشی پەروەردەو خوێندن کرد لە سنووردکە کە هەموو هەوڵێکی خۆیان خستوەتەگەڕ لەپێناو پەروەردەکردنێکی زانستیانەی قوتابیان و پێشخستنی ڕەوڕەوەی خوێندن و زانست و زانیاری، هەروەها ئاماژەیان بەو کێشەو گیروگرفت و پێداویستیانە کرد کە بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم زیاتر پێشخستنی کەرتی پەروەردەو خوێندن کە چارەسەرکردنیان دەبێتە خاڵێکی ئەرێنی باشترکردنی ئەرکە پەروەردەییەکانیان.

هەر لەمیانی کۆبوونەوەکەیاندا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر ڕۆشنایی خستەسەر ڕۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی مامۆستایان لە پێگەیاندنی نەوە یەک لەدوای یەکەکانی میللەتەکەمان، بێگومان ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین شانازییەکان کەبتوانیت بیری کەسێک ڕۆشەن بکەیت و لەتاریکی نەخوێندەواری ڕزگاری بکەیت، بۆیە ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاریەکین کە لەڕێگەیانەوە خزمەت بەنەوەکانمان بکرێت.

وەزارەتی شارەوانی: هەڵمەتی پاککردنەوە و دەرهێنانی تایەی ئۆتۆمبێل لەناو ئاوەڕۆکان بەردەوامە



وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت ، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە کۆبوونەوەی ئاوی زیادە لە شەقام و گەڕەکەکانی سەنتەری شاری هەولێر، هەر لە سەرەتای هاتنی وەرزی زستانەوە، تیمەکانی فەرمانگەکانی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆکانی هەولێر، چەند پڕۆسەیەکی خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکانیان ئەنجامداوە، هاوکات چەند جارێکیش داوایان لە هاووڵاتیان کرد کە تایەی ئۆتۆمبێل و خاشاکی قورس فڕێنەدەنە ناو کونی ئاوەڕۆکانەوە، کە بەهۆیانەوە دەگیرێن و ئاوی زیادە کۆدەبێتەوە.

ڕاشیدەگەیەنن، لە تازەترین هەڵمەتی خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکانی شاری هەولێر، بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی GIZی ئەڵمانی و بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتیی ئاوەڕۆکانی هەولێر لە گەڕەکەکانی: کوران، مناره، ڕۆشنبیری، حەسارۆک، کۆمەڵگەی شاوێس، هەڵمەتێکی فراوان بۆ پاککردنەوەی تۆڕی ئاوەڕۆکان و چاڵی ئاوەرگرتن و چاڵی پشکنین، بەڕێوەچوو کە پڕۆسەکەش بەردەوامی دەبێت بۆ ڕێگریکردن لە کۆبوونەوەی ئاوی زیادە لە شەقامی سەرەکی و گەڕەکەکان. شارەوانی ئاماژە بەوەش دەکات کە وێڕای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی ئاوەڕۆکانی هەولێر داوا لە هاووڵاتییانی شاری هەولێر دەکات کە تایە و کەلوپەل و خۆڵ و خاشاکی قورس فڕێنەدەنە ناو کونی ئاوەڕۆکانەوە، چونکە دەبێتە هۆی گیرانی ئاوەڕۆکان و دواتر کۆبوونەوەی ئاوی زیادە و ئەگەری دروستبوونی لافاوی لێدەکەوێتەوە

شاخێکی سنووری ئاکرێ دارما

ئاری حوسێن، پەیامنێری کوردستان 24 لە ئاکرێ ڕایگەیاند: لەسەر ڕێگای چیای پیرس لە ناحیەی دینارتە بەهۆی باران بارینی زۆرەوە بەشێک لە شاخی دارماوە و ئاستەنگ بۆ هاتووچۆ دروستبووە. گوتیشی: هاووڵاتی و شوفێران ترسیان لەوە هەیە کە دارمانی زیاتر لە شاخەکە ڕووبدات، بۆیە بە ترسەوە هاتووچۆ بەو ڕێگایەدا دەکرێت. ڕێگای چیای پیرس، کە هەردوو دەڤەری بارزان و ئاکرێ بەیەک دەبەستێتەوە ڕۆژانە هاتووچۆی زۆری پێدا دەکرێت.

پرسە و سەرەخۆشی

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان
بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو مەیان شەعبان ئامێدی

خەمبارییەوە بە بیستنی هەواڵی کۆچی کادیری تێکۆشەر و ئەندامی لقی یەکی پارتیمان، خاتوو (مەیان شەعبان ئامێدی).

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی کەسوکار و هەقالانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

بارزان... لە پێشوازیی یادی 18ی شوبات چالاکیی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەستپێکرد

مسلم دۆلەمەری- بارزان:

هەموو ساڵێک لە پێشوازی و نەزیکبوونەوەی 18ی شوبات، ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی لاوان و قوتابیانی کوردستان لە دەڤەری بارزان چالاکی جۆراوجۆر لە لایەن ناوەندەکانی لاوان و لقی قوتابیان ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەم ساڵیش ژمارەیەک چالاکی لەلایەن لقی مێرگەسوری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەڕێوەچوون، لەوانە: بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە نوێنەرانی ئیداری و حزبی و بەڕێوەبەری پەروەردەی مێرگەسور و کەسایەتیەکانی ناحیەی پیران لە هۆڵی قوتابخانەی دووانەوەندی پیران کورتە فیلمێکی کۆمیدی نمایشکرا. کورتە فیلمەکە بەناوی (بەزمی مام فەقێ) لەلایەن ژمارەیەک قوتابی بەهەرەمەندی قوتابخانەی ناوبراو ئامادەکرابوو. لە کۆتاییدا لەلایەن لقی مێرگەسوری قوتابیان خەڵاتی ڕێزلێنان بەسەر قوتابیە بەهرەمەندەکاندا دابەشکرا. هەروەها لە قوتابخانەی دوانەوەندی دووبانی کچان سیمینارێک لە ژێر ناوی (خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا) بۆ مامۆستا شڤان جلال بەڕێوەچوو. ناوبراو توانی بەشێوەیەکی زانستی و تێروتەسەل تیشک بخاتە سەرمەترسی ڤایرۆسەکە و ڕێگاکانی خۆپاراستن لەم ڤایرۆسە کوشندەیە.



یەکەمین کۆنفرانسی پێشبڕکێی پێدانی گرانتی نێوخۆیی زانکۆ بە قوتابیان بەڕێوەچوو



بەچاودێری پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین یەکەمین کۆنفرانسی پێشبڕکێی پێدانی گرانتی نێوخۆیی زانکۆ بە قوتابیان لەهۆڵی کۆچەر بیرکار لەسەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆ سازکرا، ئەمەو لەو کۆنفرانسەدا لەسەرەتادا سەرۆکی زانکۆ جەختی لەبەردەوپێشچوونی هەموو بەشداری بکەن لەزۆربەی جۆرنالەکانی توێژینەوەی زانکۆ بەناوبانگەکان، دیارە ئەمەش کاریگەری دەبێ لەسەر ڕیزبەندی نیشتمانی و نێودەوڵەتی زانکۆکان. هەر لەوێدا دەستکرا بە پێشکەشکردنی پرۆژە و ئایدیایەکان بۆ ئەمەش دوو هۆڵ دەستنیشانکرا، دوای کۆتایی هێنان بە پرۆژەکان سەرجەم قوتابییە توێژەرەکان خەڵات دەکرێن، هەروا بەپێی پێوەرەکان یەکەم و دووەم خەڵاتی باشترین توێژینەوە و ئایدیا وەردەگرێ.

سلێمانی.. چوار تۆمەتبار دەستگیرکران



ئۆتۆمبێلێک و چەند ئامێرێکی کونکردنی دیوار و چەندین پارچە پۆشاک و پێڵاودا کە تۆمەتباران ویستوویانە بۆ سەرلێشێواندنی تیمەکانی پۆلیس لەکاتی هەڵگرتنەوەی بەڵگەدا بەکاری بهێنن.

پۆلیسی سلێمانی ڕاشیدەگەیەنێت: تۆمەتباران ویستویانە دوای ئەنجامدانی تاوانەکە ڕاستەوخۆ بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی تورکیا و لەوێ ئاڵتونەکان ساغ بکەنەوە. لەکۆتادا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کە لەئێستادا تۆمەتباران بەفەرمانی دادوەر ڕاگیراون و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بەردەوامە.

لەڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بڵاویکردەوە دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان زانیاری پێگەیشت لەبارەی چوار تۆمەتبارەوە کە لەوڵاتی تورکیاوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و بەنیازن لە قەزای سەید سادق چەند دوکانێکی ئاڵتونفرۆشی ببڕن.

دوای وەرگرتنی فەرمانی دادوەرو بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی لێکۆڵینەوەکان دەستیپێکردو دوای چاودێرییەکی ورد توانرا لەلایەن مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی حەسار-بەشی پۆلیسی سەید سادق لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە هەر چوار تۆمەتبار دەستگیربکرێن.

ڕاشیدەگەیەنن، لەکاتی دەستگیرکردنی تۆمەتباراندا دەستگیراوە بەسەر

لە کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان باس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کرا



شکار ڕێبوار:

دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتی چین و گواستنەوەی بۆ چەندین وڵاتی دیکە و مەترسی ئەم ڤایرۆسە لەسەر مرۆڤایەتی، بووەتە جێی بایەخی پزیشکان و پسپۆڕانی جیهان بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەکان لە زانی لە چوارچێوەی وۆرکشۆپێکدا تاوتوێی ڤایرۆسی ناوبراو بکەن و باس لە ڕێگاکانی خۆپاراستن و پشکنینە گرنگەکانی تایبەت بەم ڤایرۆسە لە کوردستاندا بکەن و ئامار و ژمارەکان بخەنە ڕوو بۆ زیاتر درککردن بە مەترسی ئەم ڤایرۆسە لەسەر جیهان، هەروەها چەندین پێشنیار و ڕاسپاردەیان بۆ لایەنە تەندروستیەکانی کوردستان گەلاڵە کرد و چەندین بیروڕا ئاڵوگۆڕکران و ئامادەبوان بۆچون و سەرنجی خۆیان پێشکەش کرد.

دژی ئەم ڤایرۆسە، بە پزیشکانی کوردستانیشەوە. هەر بۆیە کۆلێژی زانستە تەندروستیەکان لە زانکۆی هەولێری پزیشکی بەباشیان

لەبەر هۆکاری نەبوونی مۆڵەتی تەندروستی نۆ شوێن داخران

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

د.سەرهەنگ جەلال جامباز بەڕێوەبەری کاروباری تەندروستی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: بەسەرپەرشتی بەشی چاودێری سەلامەتی خۆراک لە چەندین شوێن لەهەولێر نۆ شوێنیان داخست کە پێنجیان سەرتاشخانەو سێ شوێنی شیرنەمەنی بوون و یەکێکیشیان سەمونخانەبوو لە گەڕەکی باداوە. لەلایەکی دیکەوە لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ بەسەرپەرشتی قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر بەدواداچوونیان بۆ هەشت خواردنگەو مارکێت و سارەدەمەنی کرد کە کەموکوڕی و سەرپێچیان هەبوو تۆمارکران و بەپێی یاسا کاردانەوە بەرامبەر خاوەنەکانیان وەرگیراو ئەو شوێنانەی کە سەرپێچیان هەبوو سزای پێبڕاردنیان بۆ کرا.

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/2/9 ژمارە (5928)

تا ئێستا 22 تانکەری گواستنەوەی غاز تەقەیان لێکراوە

تەقەکردن لە تانکەرەکان، رەنگە دووبارە قەیرانی نەبوونی غاز دروستبکاتەوە

بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر: تاڕادەیەکی زۆر کێشەی غازی ماڵان چارەسەر بووە



ڕاپۆرت: عەلی بانیشاری

لە کۆی 150تانکەری گواستنەوەی غاز لە کێڵگەی غازی کۆرمۆر لە چەمچەماڵ بەهۆی تەقە لێکردنەوە تائێستا 22تانکەریان لەکارخراون. ئەندامێکی لیژنەی سامانە سروشییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت" پلانەی تەقە لێکردنەکە بۆ ئەوەیە ژمارەیەکی زیاتری تانکەر لەکار بخرێت و گواستنەوەی غاز کێشەی بۆ دروست بێت". لە ڕوونکردنەوەیەکیشدا کۆمپانیاکانی دانەغاز و کریسنت پترۆلیۆم رایدەگەیەنن بەرهەمهێنانی غاز لە کێڵگەی غازی کۆرمۆر بەتەواوی تواناوە دەستپێبکردووەتەوە.



لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان:

نرخی غازی ماڵان لە 7500 تێپەڕ ناکات

بەختیار عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر دەڵێت: لەڕووی بڕەوە کێشەی نەبوونی غاز چارەسەر بووە، ئەو بەشە غازەی داوامانکردبوو ڕۆژانە دەگاتە دەستمان و ئێمە دابەشی دەکەین". دەشڵێت" ڕۆژانە و بە بەردەوامی غازی ماڵان دەگاتە سەرجەم ناحییە و قەزاکانی پارێزگای هەولێر و سەنتەری شاریش ".

ئەندازیار بەختیار عەبدوڵڵا گوتیشی" کەمبوونەوەی غاز بەشێکی پەیوەندی بە زۆری خواست هەیە، چونکە ئێستاش هەر هەمان ئەو بڕەمان بۆ دێت کە لە وەرزی هاویندا دەهات".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا بەهۆی ڕەوانە نەکردنی غاز بۆ ماوەی 5-6ڕۆژ بۆشاییەک دروست بووە و بە ڕۆژێک ئەوەشی گوت" ئێستا غاز بەسەرپەرشتی بریکارەکان و ئەنجوومەنی گەڕەکەکان دابەش دەکرێت". ڕۆژی هەینی لەشکر حامید، لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامییەتی سلێمانی ڕایگەیاند" لە هەموو گەڕەکەکانی شاری سلێمانی غاز دابەش دەکرێت". گوتیشی" لە چەند ڕۆژی ڕابردووەدا ڕۆژانە 16 هەزار بتڵ غاز بەسەر فرۆشیارەکانی غازدا دابەش دەکرا، بەڵام ئەمڕۆ 12هەزار بتڵ غاز دابەش کراوە".

پێشەوا هەورامانی، ئەندامی لیژنەی سامانە سروشییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە (خەبات)ی ڕاگەیاند:«لە نێوان ئەو کۆمپانیا و دانا غاز هیچ کێشەیەک نییە، کۆمپانیاکە بە ڕێکەوتنەکەوە پایەند بووە». لیژنەی سامانە سروشتییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن تائێستا 22تانکەری گواستنەوەی غازی ماڵان تەقەی لێکراوە. ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان گوتیشی" پێمان وایە پلانی تەقەکردن لە تانکەرەکان بۆ ئەوەیە ژمارەی لە کارخستنی تانکەرەکان زیاد بکرێن". پێشەوا هەورامانی دەشڵێت: ئەو 22تانکەری بەر تەقەکردن کەوتوون جارێکی تر ناتوانن کار بکەنەوە، چونکە لە تاقیکردنەوە سەلامەتی ئۆتۆمبێل دەرناچن". ئەوەشی گوت" حکوومەتی هەرێم ئەو گەرەنتییەی لە کۆمپانیا وەرگرتووە کە غازی ماڵان بە 7500بدرێت بە خەڵکی و زیاد نەکرێت". ئەو ئەندامەی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان هەروەها گوتیشی" ئەگەر لە ماوەی هەفتەیەکدا لە 100 تانکەر 50تانکەری لەکار بخەیت ئەمە کێشەی گەورە بۆ کۆمپانیاکە دروست دەکات و وادەکات غاز نەگاتە تەواوی شارەکانی کوردستان ".

ڕۆژی پێنج شەممە لە ڕوونکردنەوەیەکدا هەردوو کۆمپانیای دانەغاز و کریسنت پترۆلیۆم لە ڕایانگەیاند: ڕۆژی پێنجشەممە بەرهەمهێنان لە وێستگەی غازی کۆرمۆر بە تەواوی توانای خۆیەوە دەستی پێکردووەتەوە، دوای ئەوەی شەوی 2020/2/4 ئاگر لە وێستگەکە کەوتەوە". هەردوو کۆمپانیاکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن دوای لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت ئاگرکەوتنەوەکە بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکیەوە ڕووی داوە. هەر هەمان ڕۆژ و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری هەولێر شێخ بەکر سدیق، خاوەنی کۆمپانیای سوورگاز گوتی: لە 72 کاتژمێری داهاتوودا بریکارەکانی غاز بەهەمان نرخی پێشوو غاز بە هاونیشتمانیان دەفرۆشن بەبێ ئەوەی یەک دینار زیاد بکرێت".

پێنجوێن... فیستیڤاڵی خلیسکێنە لەسەر بەفر یەک حەفتە بەردەوام دەبێت

سەرۆکی یانەی وەرزشی پێنجوێن: ئەم فیستیڤاڵە زۆر گرنگە لەڕووی ڕاکێشانی گەشتیار و پەرەپێدانی وەرزشەوە، کە بڕیارە لەژێر ناوی حەفتەی سپی بەردەوام بێت

خەبات: سلێمانی

بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی و سەنتەری پەرەپێدانی گەنجانی پێنجوێن، فیستیڤاڵی هەفتەی سپی لە پێنجوێن دەستی پێکرد. ڕۆژی 5ی شوباتی 2020کاتژمێر 10ی بەیانی، بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی و سەنتەری پەرەپێدانی گەنجانی پێنجوێن، فیستیڤاڵی هەفتەی سپی، تایبەت بە خلیسکان دەستی پێکرد.





وەرزشوانێکی خلیسکێنە لەسەر بەفر:

هەموو سااڵێک بەشداری لەم فیستیڤاڵەدا دەکەم، وەرزشێکی زۆر خۆشە چێژێکی تایبەتی هەیە

لە فیستیڤاڵەکەدا وەرزشوانانی چەندین یانە بەشدارن کە خۆی لە 20 یاریزانی سەرەکیدا دەبینێت بۆ نمایش و دواتریش لە زانکۆ و پەیمانگاکان و گەشتیارێکی زۆر بەشدارن لە فیستیڤاڵی خلیسکێنەدا.

سەرۆکی یانەی وەرزشی پێنجوێن و ڕاهێنەری خلیسکێنە، مەریوان فەرەج لەلێدوانێکدا ئاماژەی بەوەدا کە 20یاریزانی تایبەت بە خلیسکان لەسەر بەفر بەشدارن لە فیستیڤاڵەکەدا، دواتر تیمەکانی تری وەرزشوانان لە زانکۆ و پەیمانگاکان و گەشتیاران ئامادەی بوون.

ئەو ڕاهێنەرە باس لە گرنگی وەرزشەکە و ئەو جۆرە فیستیڤاڵانە دەکات بۆ شاری پێنجوێن بەتایبەت لەبواری ڕاکێشانی گەشتیار و پەرەپێدانی وەرزشی خلیسکێنەدا و دەڵێت: ئەم فیستیڤاڵە زۆر گرنگە لەڕووی ڕاکێشانی گەشتیار و پەرەپێدانی وەرزشەوە، بەڵام بەداخەوە کەموکورتیەکی زۆرمان هەبووە لە ڕووی دابین کردنی تەواوی کەلوپەلەکان بۆیە نەتوانراوە وەک پێویست وەرزشوان ئامادەی فیستیڤاڵەکە بین، بۆیە داوا لە حکومەت دەکەین کە بۆ ساڵانی داهاتوو، کەلوپەلی وەرزشی پێویستمان بۆ دابین بکەن.

یەکێک لە وەرزشوانە بەشداربووەکان کورێکە بەناوی شەنکار عەلی، ئەو ماوەی 6ساڵە سەرقاڵی وەرزشی خلیسکێنەیە لەسەر بەفر، باس لەوە دەکات هەموو ساڵێک بەشداری کردووە لە فیستیڤاڵەکانی پێنجوێندا و دەڵێت: هەموو ساڵێک بەشداری لەم فیستیڤاڵەدا دەکەم، وەرزشێکی زۆر خۆشە چێژێکی تایبەتی هەیە، بۆ من و هەموو ئەوانەشی کە بەشداری تێدا دەکەن. ئەمە شەشەمین فیستیڤاڵە کە لە پێنجوێن ئەنجام دەدرێت، بەخۆشحاڵیەوە بەشداریان تێدا کردووە، کەشێکی زۆر خۆشە، هیوادارم پەرەی زیاتر بدرێت بەم وەرزشە و بەم فیستیڤاڵە.

قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان و گەشتیاران لە منداڵ و گەنج و پیر بەشێکی تری ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکە بوون، ئەوانیش بەشێوازی خۆیان بەبێ کەلوپەلی وەرزشی سەرقاڵی خلیسکێنە و شەڕەتۆپەڵ بوون، کەشێکی خۆش و سەرنجڕاکێشی بۆ گەشتیاران خولقاندبوو.

وەک هۆژان حەسەن قوتابی زانکۆیە و دەڵێت: ئەوان لە زانکۆی سلێمانیەوە هاتوون بۆ بەشداری کردن لەو فیستیڤاڵە ، ناوبراو لەکاتی سەرقاڵ بوونی لەگەڵ هاوڕێکانیدا بە شەڕەتۆپەڵ و خلیسکێنەوە.

هۆژان دەڵێت: خۆشحاڵین چالاکیەکی لەو چەشنە لە هەرێمی کوردستاندا هاوشێوەی وڵاتانی دەرەوە ئەنجام دەدرێت، بەتایبەت کە کەشوهەوا و جوگرافیای پێنجوێن لەبارە بۆ ئەو جۆرە وەرزشە، کەشێکی زۆر خۆش و تایبەت دروست دەکات، هیوادارین خزمەتی زیاتر بەو جۆرە وەرزشە بکرێت و فراوان بکرێت بۆ ساڵانی داهاتوو. چونکە سەرچاوەیەکی سەرەکی ڕاکێشانی گەشتیاری زستانەیە.

ئەمە شەشەمین فیستیڤاڵی خلیسکێنەیە کە لە پێنجوێن ئەنجام دەدرێت، بڕیارە بۆ یەک هەفتە بەردەوام بێت .لە شاری پێنجوێن لەسەر ڕێگای گوندی کانی سێف- ی پێنجوێن لە پشت گۆرستانی ڕاوکان ئەنجام دەدرێت.

پێنجوێن یەکێکە لە شارۆچکە دێرینەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم شارۆچکەیە لە کۆمەڵێک چیا و گردۆڵکە پێکهاتووە ، دەکەوێتە سەر هێڵی درێژیی 46پلەی ڕۆژهەڵات و هێڵی پانیی 35.9پلەی باکووری هێڵی کەمەرەیی و 96کیلۆمەتر باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی، 1317مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە، تێکڕای باران لە ساڵێکدا لە پێنجوێن 900میلیمەترە. ڕووبەری سەرجەم قەزای پێنجوێن بریتییە لە 1129کیلۆمەتری چوارگۆشە و ناوچەیەکی سەختە و پلەکانی گەرما لە زستاندا زۆرجار بۆ ژێر سفر دادەبەزێت. بەو هۆیەوە کەشوهەواو جوگرافیایەکی لەباری هەیە بۆ وەرزشەکانی تایبەت بە بەفر.



بەکر کەریم حەسەن*

وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە هەگبەی کاروچالاکی هەیە

نیگار کێشی بەناوبانگی هۆڵەندی ڤان کۆخ دەڵێ: (گەر مرۆڤ ویستی لەسەر هەق و راستی بژی، پێویستە کار بکات و بوێر بێت).

گەشەسەندن و پەرەسەندنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پێویستی بە بنیاتنانی توانای تاکەکان هەیە، کە لە پرۆسەی پەروەردە کاردەکەن. بێگومان پێشکەوتن و سەرکەوتنی میللەتان بەندە بە پێشکەوتن و سەرکەوتنی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، ئەوەش بەدی نایەت ئەگەر هاتوو کۆی کارەکتەرەکانی ناو پرۆسەکە بە بوێری و دڵسۆزی کار نەکەن، بۆ ئەوەی سەرجەم کارەکتەرەکان لە مامۆستای قوتابخانە بگرە تا دەگاتە کاربەدەستانی وەزارەت بە دڵسۆزی و بوێری کار بکەن، پێویستە هەڵسەنگاندنێکی ووردی هەمە لایەنە هەبێت بۆ تواناکان و بەرهەمەکان، ئەوەش پێویستی بە بوونی سیستەمێک هەیە کە هەڵسەنگاندنی هەموان بکات، بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنەکان لە سەر بنچینەی کار کردن و دڵسۆزی و ویژدان بێت، پێویستە هەگبەی چالاکی پەروەردەیی بۆ هەموو کاراکتەرەکان ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی هەموو مامۆستایەک هەگبەیەکی چالاکییەکانی پەروەردەیی هەبێت، کە هەموو چالاکییەکانی لە بەشداری کردن لە خول و پەرەپێدانی تواناکان و هەر چالاکییەکی پەروەردەیی و فێرکردن کە ئەنجامی دەدات بە درێژایی ساڵ لە (2/1تا31/12)ی هەر ساڵێک لە خۆ بگرێت بە دۆکیۆمێنتاری پەسند کراو و پشتگیری کراو لەلایەن کارگێڕی قوتابخانەکەی لە سەرەتای هەر ساڵێک هەڵسەنگاندن بۆ هەریەک لە مامۆستاکان بکرێت لەلایەن لیژنەیەکەوە کە لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکە پێک دەهێنرێت لە (دوو سەرپەرشتیاری کارگێڕی و بەرێوەبەری قوتابخانەکە)، بە هەمان شێوە هەموو بەرێوەبەر و یاریدەدەرەکانیش هەمان هەگبەی پەروەردەییان هەبێت لەلایەن (بەرێوەبەری پەروەردە و سەرپەرشتیاری یەکەم و سەرپەرشتیارێکی کارگێڕی) هەڵسەنگاندنی پێویستیان بۆ بکرێت، هەروەها ئەو هەڵسەنگاندنە سەرجەم سەرپەرشتیارانیش بگرێتەوە لەو ساڵە دا کام چالاکی و کاری پەروەردەییان ئەنجام داوە لەلایەن لیژنەی (بەرێوەبەری سەرپەرشتیاری پارێزگا و سەرپەرشتیاری یەکەمیش قەزاکە و یاریدەدەری بەرێوەبەری سەرپەرشتیاری) هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. ئەو پرۆسە هەڵسەنگاندنە پێویستە ساڵانە ئەنجام بدرێت بە پێی پێوەری پەروەردەیی تەندروست نمرەیان بۆ دابنرێ و بە پێی هەڵسەنگاندنی لیژنەکان بۆ هەگبەی چالاکی هەر یەکەیان پێتوانە و هەڵسەنگاندنی پێویستیان بۆ بکرێت، بەهەمان شێوە بۆ بەرێوەبەر و سەرپەرشتیاری یەکەمیش لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیاری ئەنجام بدرێت و بۆ بەرێوەبەری پەروەردەکانیش لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت، بە هەمان شێوە ئەو هەڵسەنگاندنە سەرجەم بەرپرسی هۆبە و بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتییەکانیش بگرێتەوە، بۆ ئەوەی لە هەڵسەنگاندنەکان دادپەروەر بین پێویستە لەلایەن بەرێز جەنابی وەزیری پەروەردە و ئەنجومەنی وەزیرانی بەرێزان هەڵسەنگاندنی وورد بە پێی پێوەری زانستی و پەروەردەیی هەڵسەنگاندن بۆ بەرێوەبەرانی گشتی پارێزگاکان و بەرێوەبەرانی گشتی وەزارەت و راوێژکاران و شارەزاکانیش بکرێت، ئەوانیش هەمان هەگبەی کاروچالاکی پەروەردەیی ساڵانەیان هەبێت تا هەڵسەنگاندنەکان لە سەر بنچینەی هەگبەی کاروچالاکییەکان بێت و بە دۆکیۆمێنتاری بسەلمێندرێت کە بە درێژایی ساڵ هەر بەرێوەبەرێکی گشتی و راوێژکارێک هێندە کاروچالاکی و پرۆژە و داهێنانی هەبووە و دڵسۆزانە و خۆنەویستانە کاری کردووە لە پێش خستن وسەرخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، هەروەکو سەرکردەی بە ناوبانگی میسری (سەعد زەغلول) دەڵێ (پیاو بریتییە لە راشکاوی لە گوتن و دڵسۆزی لە کار).

* بەرێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر.



ساڵانە بەهۆی کەمی سوتەمەنی گرفتی گەرمکردنەوە بۆ قوتابخانەکانی ناوچە شاخاوییەکان دروست دەبێت

ڕاپۆرت/ مسلم دۆلەمەری

ناوچەشاخاوییەکان بەهۆی سەختی وبارینی بەفروبارانی زیاتر لەناوچەکانی تر پلەی سەرمانزمترەو بەهۆیەوەش بۆ خۆگەرمکردنەوەوپاراستن لە سەرماو هەڵامەتی زستانە دانیشتوانی ئەم ناوچانە پێویستیان بە سوتەمەنی زیاتر هەیە بەتایبەتی قوتابخانەکانی ئەم ناوچانە رێژەیەکی زۆری سوتەمەنیان پێویستە بۆ وەرزی زستان بەڵام وەکو دیارە ساڵانە قوتابخانەکانی سنوری پەروەردەی میرگەسور گرفتی کەمی سوتەمەنیان هەیە ,کەلەم راپۆرتەدا ژمارەیەک لە بەرێوەبەری قوتابخانەکانی سنوری پەروەردەی ناوبراوسەبارەت بەم گرفتە بەم شێوەیە بۆخەبات دووان.

سەرەتا مامۆستا نافع بەرێوەبەری، قوتابخانەی کانی زەرکی کچان وتی: ئێمە وەکو قوتابخانەی کانی زەرکی کچان



مامۆستا نافیع:
بۆ ئەمساڵ تەنها بری 800 لیتر نەوتمان وەرگرتووە، پێویستمان بە بری 1600لیتر زیاترە

رۆژانە 13سۆپا پێدەکەین بۆیە بەبەردەوامی رێژەیەکی زۆری سوتەمەنی بەکاردێت ئەویش لەبەر ئەوەیە کە هەڵکەوتەی جوگرافیمان ناوچەیەکی شاخاوی وپرلە بەفرو بارانە لەوەرزی زستان بەمەش بەبەردەوامی پلەی گەرما بەبەردەوامی لەخوارەوەیەو زۆر سارەدە بەهۆی ئەوەی کە قوتابخانەکانی تری وەکو ناوەندی شارەکان بۆیە دەبێت رەچاوی ئەم ناوچانە بکرێت وساڵانە بڕێکی باشی سوتەمەنی بۆتەرخان بکرێت ئێستا ئێمە بۆتەمساڵ تەنها بری 800لیتر نەوتمان وەرگرتوە کەچی ئێمە ساڵانە پێویستمان بە بری 1600 لیتر زیاترە، چونکە ئەم بڕەی وەرمان گرتووە تەنها بەشی وەرزی یەکەمان دەکات ئەدی وەرزی دووەم ,بۆیە داواکارین لە بەرێوەبەری پەروەردەی مێرگەسورو وەزارەتیش کە چارەسەرێکی ئەم گرفتەمان بکەن بەزوترین کات چونکە بەبێ زۆپا وگەرمکەرەوە ئاستی وەرگرتنی زانستیش لەلایەن قوتابیانەوە بەرەو لاوازبوون دەروات.



مامۆستا ئەیوب:
داواکارم کە ساڵانە بری نەوتی زیاترمان دابین بکەن ولیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەم گرفتە دابنێن



مامۆستا نیهاد:
داواکارم لە پەروەردەی مێرگەسورو لایەنی تری پەیوەندارکە بەدەم داواکاریمانەوە بێن

دواتر مامۆستا مێڤان، بەرێوەبەری قوتابخانەی بلێتی هاورێ وتی: ساڵانە ئێمە گرفتی سوتەمەنیمان هەیە، چونکە رۆژانە زیاتر لە 18 سۆپا پێدەکەین لەبەر زۆری رێژەی قوتابیان وزۆری رێژەی پۆلەکانمان واتە بڕی سوتەمەنی بۆ هەر 10رۆژی قوتابخانەکەمان بە پێوەر دامانناوە بری 200لیتر نەوت دەروات واتە بۆ هەرمانگێک 600لیتر نەوتمان خەرجدەبێت ئەویش لەوکاتەدایە کەتەنها بری 1200لیتر نەوتمان بۆ هاتوە واتە تەنها نەوتی بۆمان هاتوە بەشی دوومانگمان دەکات , واتە تەنها وەرزی یەکەم، چونکە لە 1/11ی هەموساڵێک ئێمە دەبێت سۆپاپێبکەین هەندێ ساڵ زوترپش لەبەر ئەوەی ناوچەی شاخاوین وسەرماو سۆل زوو دەست پێدەکات واتە وەرزی دووەم بۆ چەند مانگێک بێسوتەمەنی دەمێنینەوە بۆیە داواکارین لە پەروەردەو لایەنی پەیوەندار چارەسەرێکی ئەم کێشەیەمان بکەن وجیاوازی لەنێوان قوتابخانەکانی ناوچەی شاخاوی وسەنتەری شارەکان بکەن چونکە ئێمە لە 1/11تا پێش پشوی نەورۆز بەبەردەوامی دەبێت سۆپاکان پێبکەین بۆیە دواکارم کە نەوتی زیاترمان بۆ دابین بکەن. **هەروەها مامۆستا نیهاد، بەرێوەبەری قوتابخانەی زۆپەرکی بنەرەتی کوران گوتی:** ئەمە گرفتی چەندساڵەی ئێمەیە سالانە ئەو بڕە نەوتەی کە بۆمان دێت تەنها بەشی دوومانگ و نیومان دەکات واتە بەشی نیوەی زستانەکەمان دەکات ,چونکە ئێمە ساڵانە پێویستیمان بە زیاتر لە 1600لیتر نەوت هەیە کەچی تەنها بری 800لیتر نەوتمان بۆدێت بۆمەش گرفتی زۆری سەرمامان بۆدروست دەبێت ,چونکە ناوچەکەمان شاخاوی و زۆر زۆر ساردە بەبەراورد لەگەل ناوچەکانی تربۆیە پێویستە جیاوازیەکی زۆربکرێت لە نێوان ئێمەو ئەوان جالێردا داواکارم لە پەروەردەی مێرگەسورو لایەنی تری پەیوەندارکە هەرچی زووە بەدەم داواکارێمانەوە بێن وچارەسەری ئەم گرفەمان بکەن.

لە کۆتاییدا مامۆستا ئەیوب، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەی کانی سارکی کچان گوتی: رۆژانە لە قوتابخانەکەمان 19سۆپا پێدەکەین بۆ دوو دەوام بەیانیان و ئێواران کە تەنها بری 2000لیتر نەوتیشمان بۆ هاتوە واتە رۆژانە زیاتر لە 50لیتر نەوت خەرجیمانە واتە ئەو بڕە نەوتەی کە بۆمان هاتوە تەنها بەشی 40تا 50 رۆژمان ناکات کەچی هەرلە 1/11تاکو پشوی وەرزی بەهار واتە نەورۆز دەبێت سۆپاکانمان بەبەردەوامی هەڵبکرێن واتە بری نەوتەکەمان تەنها بەشی وەرزێکمان دەکات ,لێرەدا پرسیاردەکەم ئەی وەرزی دووەم چی بکەین ؟ قوتابیان چۆن رولە قوتابخانە بکەن بۆیە داواکارم کە ساڵانە بری نەوتی زیاتر بۆ قوتابخانەکانی ناوچەی شاخاوی دابین بکەن ولیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەم گرفتە دابنێن وبەدواداچونێکی جدی بکەن.

د. موهەنەد مەحمەد عەبدولستار مامۆستای زانستی دەروونی لە زانکۆی دیالە بۆ «خەبات»:

هەرچەندە بتوانی لەلایەنە دەروونییەکانی قوتابی قوونبێتەوە ئەوەندە دەتوانیت بابەتە زانستییەکەی بەجۆرێک پێبگەیەنیت کە گونجاو بێت لەگەڵ بیرکردنەوەکانی

خەبات / ڕۆشنا عەلی

زۆرن ئەوانەی باس لە لایەنی دەروونی قوتابی دەکەن و هاوکێشی دەکەن لەگەڵ توانای فێربوون و ئارەزوو بۆ فێربوون و خوێندن بە جۆرێک پەیوەندییەکە پێچەوانە دەکەن مامۆستایەکی زانکۆش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێی وایە هەرکات توانیمان لایەنە دەروونییەکە بەدەست بێنین ئەوان توانای فێربوون و فێرکردن خێرا تروو باشتر دەبێت لێرەشەوە دەپرسین ئایا ئەم پەیوەندییە لە چ ئاستێکدایە بۆ ئەمەش گفتوگۆیەکی کورتمان لەگەڵ د. موهەنەد عبدالستار، پسپۆڕی دەروونی و مامۆستای زانکۆی دیالە ئەنجامدا.



گەنجەکان

دەربارەی لایەنی دەرونی گەنجی کورد و گەنجی عێراق کە تاچەند جیاوازی هەیە بەپێی ژینگەکەیان وتی: بە پێی ئەو بارودۆخە سەختەی کە گەلی عێراقی پیایدا تێپەڕدەبێت بە تایبەتی بۆ گەنجان نەبوونی ئایندەیەکی دیار بۆیان ئەوانە وادەکەن کە بڵێن پێویستمان بە چاودێرییە لە لایەنی دەروونی و پەروەردەیی وە پێویستمان بە چاو خشاندنەوەیە بۆ وەرگرتنی ببرۆکەی هاوسەردەمی بوون کە گەنجان لێی تێبگەن و بەرەو پێش بچن هەروەها پێویستە لەم چوارچێوەیەشدا سیاسەتێکی پەروەردەیی دابڕێژین و ببێتە بەرهەم و بنیاد نانێکی ڕاستەقینە ، لەبەر ئەوەی پێویستە سوود لە توانای گەنجەکان وەربگرین وە زەمانی ژیانێکی شایستەو ئاشتییان بۆ بکەین وە مەبەستمان لە دابینی دەرونی گەنجان بە بیرۆکەو بۆچوون و بەرو پێشچوونییان، ئەوە بەرهەم هێنانی گەنج و سەرکەوتنی گەنجە ، گەنجەکان هەمان موعاناتییان هەیە لە هەر شوێنێک بێت و ئەو کێشانەش نزیکن لەیەک بۆیە پێم وانییە جیاوازی هەبێت لەو ڕووەو من کە باوکم، هەمان حاڵی باوکانی ترم هەیە تەماشای پێداویستی مندااڵەکانم ئەکەم وێنەی هەموو گەنجەکان دەبینم و پێداویستییەکانییان ئەزانم کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی گەنجە ، کە ژمارەی گەنجەکانمان زۆرترە وەدواتر پێویستە سیاسەتەکانمان وەک سیاسەتی ئابووری ، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی بە ئاڕاستەی پالپشتی بێت لە گەنجان تا دەگەنە کە ناری ئارامی، بۆیە گەنجێک لە کوردستانی عێراق لەگەڵ گەنجێک لە هەر پارێزگایەکی تر کە هەمان موعانات و کێشەو بەرەو پێشچوونییان هەیە، لەسەردەمی عەولەمەدا گەنج ناگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرکردنەوانەی ئێمە، ئەم سەردەمە میکانیزم و ئالییەتی نوێ و بیرۆکەی نوێی لەگەڵ خۆی هێناوە.

**دەربارەی ئەوەشی کە ئایا لەپڕۆسەی فێرکردن دەروون ئارامی تاچەند گرنگە ئایا هەم لە کوردستان هەم لە عێراق بیری لێ کراوەتەوە ؟ڕاهاتووین لەسەر کاری ئەکادیمی ئێمە ناتوانین بابەت و خوێندن بابەت لە نێوان مامۆستا و خوێندکار بابەتێکە بەدەست بێنین ، هەرکات توانیمان کە لایەنە دەروونیەکان لە مەیدانی فێرکردندا بەدەست بێنین ئەوەندە پرۆسەی فێرکردن باشتر و لەبارتر دەبێت بە واتایەکی تر ئەو بابەتانەی کە لە ڕابردوودا پێشکەش دەکران و دەگووترایەوە بە ڕێگایەکی دیاری کراو لە ئێستادا زۆر سەختە گەنج لێی تێبگات، بۆیە پێویستیمان بەوە هەیە کە ماددەکە بگەینێن و لەگەڵیدا بین هەرچەندە بایەخی زیاتر بە لایەنە دەروونیەکان بدرێت ئەوەندە گرنگیدانمان بە فێرکردن زیاتر دەبێت بەم جۆرە کردارەکە کردارێکی ڕاستەوانەیە، چونکە ناتوانین سۆز و زانست لە یەکتری جیا بکەینەوە بۆیە کاتێک کە قوتابی خۆشەویستی بۆ بابەتێک هەیە ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەنجامی ئەو خۆشەویستیە دەبێتە ئۆقرەیی و جێگیربوونی دەروونی لە پرۆسێسی فێرکردندا، بۆیە مامۆستای فێرکار پێویستی بە ئاگاداربوون و لێزانین هەیە لە بواری زانستی دەروونناسی بۆ ئەوەی بتوانێت بابەتەکە بگەیەنێت، بە هۆی شارەزایی زانستیمان وا سەیری قوتابی دەکەین کە بەهایەکی زانستیە ئەم بەها زانستیە وەک فاکتەرێکی مەعریفی لە نێوان جووتەکێکدا، فاکتەری مەعریفی پێویستی بە بایەخی لایەنی دەروونی و لایەنی زانستی هەیە بە واتا بۆ ئەوەی بتوانم کە بابەتی زانستی بە قوتابی بگەیەنم دەبێت بزانین کە قوتابی چۆن بیر دەکاتەوە ئاستی بیرکردنەوەی چۆنە وە گەشەسەندنەکانی بیری چین وە کێشەکانی چین هەرچەندە بتوانی



موهەنەد محەمەد عەبدولستار

لە لایەنە دەروونیەکانی قوولبێتەوە ئەوەندە دەتوانیت بابەتی زانستی گەشەکردنی مندااڵ دەکاتەوە هەر لە سکی دایکیدا واتە کرداری چاودێریکردنی مندااڵ لەسەرەتاکانی تەمەنی لە سکی دایکیدا لەڕێگای ئەو کارانەی کە باوک دەیکات لە میانەی مامەڵە کردنی لەگەڵ خێزانە دوو گیانەکەیدا کە دەبێتە مندااڵی ئایندەیان کە هەمووی کاریگەری هەیە لەسەر چۆن لایەنی ئۆقرەیی دەروونی مندااڵەکە دەپارێزێت ئەم زاراوەیە خاسییەتەکانی نمو واتە چاودێری مرۆڤ لەکاتی دروستبوونی تا ئەو قۆناغانەی پێیدا تێپەڕ دەبێت هەر لە لەدایک بوون لە مندااڵی و گەنجی و پێگەشتن و تاکۆتایی مردن لێرەوە ئەم بیرۆکەیە دەست پێدەکات کە ئێمە گرنگی بدەین بەلایەنی دەروونی مرۆڤەکان لەو ساتانەی پێیدا تێپەڕ دەبێت پزیشکانی دەروونی هەمیشە دڵنیایی لەخاڵێکی گرنگ دەکەن بە تایبەتی لە پرۆسەی مندااڵ بوونداً پێویستە باوک ئامادە بێت کاتێک موعاناتی لە دایکبوون دەبینێت و ڕاستی ئەو لە خۆبووردوویەی دایک ببینێت ئەم ئامادەیی وادەکات دایکەکە کەمتر هەست بە ئازار بکات و هاوکات هەست بە بەرپرسیاریەتییەکی زیاتر لای باوک دروست دەکات بەرامبەر منداڵەکەو بەرامبەر هاوسەرەکەشی.

یەکەمین کۆنفرانسی پێشبڕکێی پێدانی گرانتی نێوخۆیی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر بۆ قوتابیان بەڕێوەچوو

خەبات/ تریفە ئازاد: بەچاودێری پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر لە ڕۆژی پێنج شەمە ڕێکەوتی (٦/٢/٢٠٢٠) لە هۆڵی کۆچەر بیرکار لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆ، یەکەمین کۆنفرانسی پێشبڕکێی پێدانی گرانتی نێوخۆیی زانکۆ بە قوتابیان سازکرا، لە کۆنفرانسەدا سەرۆکی زانکۆ جەختی لەبەرەو پێشووچونی هەموو لایەنەکانی ئاستی زانستی کردەوە بەتایبەت لەنێوەندی کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدین و دەستخۆشیشی لەو قوتابیانە کرد، کە لە و پێشبڕکێیەدا بەشدار بوونە، ئەوەشی ڕاگەیاند بۆ هەموو ئەو قوتابیانەی توانیویانە لە پرۆژەکانیان سەرکەوتوو بن ئەوا پاداشت دەکرێن، هاوکات زانکۆی سەلاحەدین توانیویەتی دەستپێشخەر بێ لەسازدانی ئەو کۆنفرانسە، هیوامان وایە لەداهاتوودا ئەم جۆرە پێشبڕکێیە بەردەوام بێ. هەر لەوێدا دەستکرا بە پێشکەشکردنی پرۆژە و ئایدیایەکان بۆ ئەمەش دوو هۆڵ دەستنیشانکرا، دوای کۆتایی هێنان بە پرۆژەکان سەرجەم قوتابییە توێژەرەکان و سەرپەرشتیارانی توێژینەوەکان هەموو ئەو قوتابیانەی کە بەشداربوون بە باشترین بیرۆکەو ئایدیا بڕوانامەی ڕێزلێنانیان پێبەخشراو خەڵاتییان وەرگرت. شیاوی باسە (٣٩) پرۆژە لەلایەن (٧٠) قوتابی بەشداری کرد کە (٩) پرۆژە بە یەکەم دەرچوون هەر یەکە لە کۆلێژی جیاواز، بەڵام (١٨) بیرۆکەو ئایدیا لەلایەن (٢٤) قوتابی بەشداربوون کە (٨) بیرۆکەو ئایدیا بوونە یەکەم کە هەریەکەیان لە کۆلێژی جیاواز بوون، بە جۆرێک لەسەر ئاستی کۆلێژەکان یەکەمەکان دیاریکران و نیازیش وایە ساڵانە ئەو کۆنفرانسە بەردەوام بێت.



خانەنشیبوون



عوسمان ڕانیەیی

خانەنشینبوون وەک قۆناغێک لەقۆناغە ئاساییەکانی ژیانی ئیداری لەهەر وڵات و کۆمەڵگەیەک بەگوێرەی یاسای ناوخۆیی ڕێکخراوە، بۆمونە لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپاو بەتایبەت لەدامەزراوە بااڵکان و زانکۆکان ماوەی گەیشتن بەکاتی خانەنشینبوون دەگاتە حەفتا ساڵی یان بەکراوەیی دەبێت یان ئەو کەسە کەخۆی بخوازێت خانەنشین بکرێت یان باری تەندروستی ڕێگەی بەردەوامبوونی کاری پێ نادات. لەهەندێ دەوڵەتیش ئەو کەسانەی دەگەنە ئاستی تەمەنی خانەنشینبوون ئەگەر بخوازن بەردەوامبن لە کارکردن ئەوکات بواریان پێ دەدەن سەرپەرشتی نامەی ماستر و دکتۆرا بکەن یان لەناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە شوێنی تایبەت و شیاویان بۆدابین دەکرێت، هاوکات گشت هەلومەرجی حەوانەوەو ژیانێکی پڕ لەئاسوودەییان بۆلەبەر چاو دەگیرن. تەنانەت هەندێ ناوەندی ئەکادیمی لەوڵاتانی پێشکەوتوو هەوڵ دەدەن سوود لە بەهرەی ئەکادیمی وڵاتانی تر ببینن، بۆمونە دکتۆرێکی هاوڕێم هەیە خەڵکی باشوری کوردستانە پێشتر لەوڵاتی فەرەنسا خوێندوویەتی، تائێستا چەند جارێک لەلایەن ئەو وڵاتەوە داوەتکراوەو باشترین جێگەی حەوانەوەیان بۆ دابین کردووە لەبەرامبەردا ئەرکێکی ئەکادیمیان لەبواری لێکۆڵینەوە یان وەرگێرانی ئەدەبیات بۆماوەیەکی دیاریکراو پێ سپاردووە و دوای ئەنجام دانی کارەکە بەرێزەوە مااڵ ئاوایی لێ دەکرێت. بابەتەکە دەبەستمەوە بەهەرێمی کوردستان دەبینین لەو بوارەشدا کەمکاری کراوە و دەکرێت پێچەوانەی کلتوری گەلانی پێشکەوتوو هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم لایەنە دەکرێت بەجۆرێک ئەو توانا ئەکادیمیانەی ڕۆژانێک ڕوویەکی گەش و دەنگێکی دیار و لایەنێکی سەرەکی کارکرن و کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی بوون لە داهێنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەباشترین جۆر تواناو بەهرەکانیان پێشکەشی وڵات کردووە و چەندین نەوەی لەدوای یەکیان پێگەیاندووە هەرئەم خانەنشینبوون وەک قۆناغێک لەقۆناغە ئاساییەکانی ژیانی ئیداری لەهەر وڵات و کۆمەڵگەیەک بەگوێرەی یاسای ناوخۆیی ڕێکخراوە، بۆمونە لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپاو بەتایبەت لەدامەزراوە باڵکان و زانکۆکان ماوەی گەیشتن بەکاتی خانەنشینبوون دەگاتە حەفتا ساڵی یان بەکراوەیی دەبێت یان ئەو کەسە کەخۆی بخوازێت خانەنشین بکرێت یان باری تەندروستی ڕێگەی بەردەوامبوونی کاری پێ نادات. لەهەندێ دەوڵەتیش ئەو کەسانەی دەگەنە ئاستی تەمەنی خانەنشینبوون ئەگەر بخوازن بەردەوامبن لە کارکردن ئەوکات بواریان پێ دەدەن سەرپەرشتی نامەی ماستر و دکتۆرا بکەن یان هەندێک کەسانی بڕیار بەدەست لەدامەزراوە گرنگەکانی وڵات نییە، بۆیە دەبینین تەنانەت هەڵسوکەوت کردنیشیان لەتەک ئەو کەسایەتییانەدا شیاو و لەجێی خۆی نییە، بۆمونە لەیەکێک لەدەزگاکانی هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی دوو لەکەسایەتییە ناودارەکان و بەشاین و پسپۆر، تەمەنیان گەیشتە کاتی خانەنشینبوون لەبری ئەوەی بەڕێوبەرێکی فەرمی و شایستە مااڵ ئاوایان لێبکرێت بەداخەوە نەک هەرئەوە نەکرا بەڵکو بەر لەڕۆیشتنیان پەراوێز خران و ڕێز لە شیان و توان و خزمەتی چەندساڵەی نەگیرا، دواتر کەل و پەلی ژوورەکانیان خستە ناو کارتۆن و بۆیان ناردنە ماڵەوە!. ئەمە لەکاتێکدا ئەو کەلوپەلانە گشتیان دۆکیۆمێنت و سەرچاوە و بابەتی زانستی و یاساییی و ئەکادیمی بوون کەلەکاتی خۆیدا هەوڵ و ماندوبونێکی زۆری مادی و مەعنەوی بۆ خەرج کراوە تابەدەست هاتوون. ئەوکەسایەتیانە و بەڵگە و بەرهەمەکانیان سەروەتی نیشتیمانین چۆن دەکرێت بەو شێوە نادروستە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت. ئایا ئەمە بێ ڕێزی نییە لەبەرامبەر کەسایەتیانی وڵات دەکرێت؟ ئایا ئەمە نابەرپرسیاریەتی نییە کەسانێک بەحوکمی پێگەی ئەوڕۆی وەزیفیان بەرامبەر کەسانی گرنگی کۆمەڵگە دەیکەن؟ ئایا ئەمە دروستکردنی کولتوری بێڕێزی نییە کە خەڵکانێک بەمەزاجی شەخسی خۆیان سوکایەتی بە خەڵکیتر دەکەن؟ ئەم پرسیارانە پێویستە بریارپەدەستانی ئەم وڵاتە وەاڵمی بدەنەوە. بۆیە پێویستە کولتوری یەکتر قبوڵکردن و ڕێزگرتن و بەهای نیشتیمانی و ڕەوشت بەرزی لە کۆمەڵگە دروست بکرێ و پەرەی پێ بدرێ نەک سڕینەوەی بەها جوان و پیرۆزەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری کەپڕیەتی لە ڕێزگرتن و خۆشەویستی و مرۆڤایەتی.



باروودۆخی ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی هەرێم لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر... بەتایبەتی شاری کەرکووک



ناسر مەال حەکیم

بە گەرانەوەیەکی نەچەندە دوور بە میتژووی بەرقەراری ئەمن و ئاسایشی کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری و ئەو پێکەوە ژیانەی کە لەو ناوچانەدا بەدی دەکرا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هێزەکانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە ببونە شورەیەکی پۆاڵینی کەرکوک و دەوروبەری ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی شوێنەکانی تر یەکپارچە ببونە مەیدانی شەڕێکی نەخوازراو و بێ ڕەحمانەی چەکدارانی داعش، بەاڵم ڕووداوەکانی ((16ی ئۆکتۆبەر و ئەو خیانەتەی کە بەرانبەر بە گەل و خاک و نیشتمان کرا، بوو بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سەرتاپا هیوا و ئومێدی خەڵکی خێر لە خۆ نەدیوی ئەم ناوچانە بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی. ئەمەش بوو بە پەڵەیەکی ڕەش لە ناوچاوانی ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە هەر بۆیە ئەمڕۆ دەستەاڵت دارانی سەپێنراو بە سەر شاری کەرکوکدا بە کەیفی خۆیان تەراتێن لەو شارەدا دەکەن و لە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کەرکوک و دەوروبەرەکەی دان و ئەوەی ڕژێمی گۆڕبە گۆڕی سەدام فریای ئەنجام دانی نەکەوت، ئێستا عەرەبە شۆڤێنیە داخ لە دڵەکانی ئەو شارە ئەنجامی دەدەن، دۆخی شاری کەرکوک لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر خراپە بەتایبەتی بۆ کورد چونکە جارێکی تر پڕۆسەی هاروەدەکردنی عەرەب و نیشتەجێ کردنیان بە شێوەیەکی بەرچاو و بە کۆمەاڵ و دەست بەسەرداگرتینی مواڵک و مااڵی گوند نشینە کوردەکان بەردەوامە کە ئەمە لە کۆتایی دا کار دەکاتە سەر زیاد بوونی ڕێژەی عەرەب لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پاریزگای داهاتوودا ئەمە ش لە لایەن پاریزگاری داسەپێنراوەوە (ڕاکان جبوری) پشتیوانی لێ دەکرێت هەروەها هاوکاری تەواوی گەڕەکە عەرەب نشینەکان دەکرێت لە ڕووی پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری و دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بەاڵم بە بەهانەی زێدەڕۆیی کەوتۆتە ڕوخاندن و تێکدانی خانوو و دوکانەکانی ئەو کوردانەی کە لە دوای ڕووخانی ڕژێم گەراونەتەوە زێدی باب و باپیری خۆیان هەر وەکوو لەم ڕۆژانەدا لە گەرەکی گۆزەپان زیاتر لە (200) مااڵ و دوکان خاوەنەکانیان ئاگادارکراونەتەوە کە چۆڵی بکەن ئەگینا بەسەریاندا دەروخێنن!!. لەلایەکی تریشەوە کێشەی دەست بەسەر داگرتنی زەوی و زارو ملکی جوتیاران بە تایبەتی ئەو زەویانەی کەوتونەتە سنووری سەرگەڕان و دووبزو پەلکانە و داقوق و چەند ناوچەیەکی ترکە عەرەبی هاورده بە زۆر و بە هاوکاری سوپای عێراقی دەستیان بەسەردا دەگرێت ،هەر چەندە باودۆخی ئێستای عێراق و ئەو بۆشاییە ئەمنیەی بۆتە هۆی زیندوو بوونەوەی (داعش) و باڵو بوونەوەی نائارامی و خەڵکی لە دڵە ڕاوکێدا دەژین لە زۆر ناوچەدا چاالکی ئەنجام دەدەن و خەڵکی سڤیل دەکوژن و ڕۆژانەش جموجۆڵیان لە سنووری پاریزگای کەرکوک و دەوروبەری بە تایبەتی لە قەزاکانی حەویجە وداقوق و دووبز لە هەڵکشان دایە، بۆیە سەرکردایەتی کورد دەبێت دەربارەی باروودۆخی ئەمین شاری کەرکوک و دەوروبەری لەگەڵ حکومەتی ناوەندی تاوتوێ و دانوستانی جیدی بکات لەسەر ئەم مژارە ترسناکە و ڕێگەچارەیەکی شیاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

محەمەد عومەر پێنجوێنی

33 ساڵیادی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردەیەی کوردو کوردستان شانازی پێوەدەکات

ئیدریس بارزانی لەڕووی هزرەوە زۆر لە تە مەنی خۆی گەورەتربوو، خەمب گەرەی ئیدریس بارزانی ئیدریس بارزانی پێشمەرگە و خانەوادەی پێشمەرگە و شەهدان بووە، ئیدریس بارزانی خۆش پێشمەرگەیەکی خاک بووە و لەنێو جەرگەی پێشەرگایەتی و خەبات و چەکەری کردبوو، بەبێ جیاوازی چینایەتی و ناوچایەتی و سنوور هەموو پێشمەرگەیەک و هەموو کوردێکی هەرپارچە و دەڤەرێکی کوردستان بەبرای خۆی دەزانی و ڕێزێکی زۆری بوو بۆ بۆ گشت مرۆڤێک لە هەرنەتەوە و ئاین وڕەگەزێک وە ئیمانی تەواویشی هەبوو بە سەرکەوتن و دواڕۆژێکی ڕووناک بۆ گشت گەلی کوردستان .هەربۆیە کارو دەنگ و خەبات و دووربینی کاک ئیدریسی بارزانی هەموو سنووریکی کوردستانی بڕیبوو.

بە دڕێژای میژووی هاوچەرخ ،لەناو گەلی کورداا، سەرکردەی ئەتۆ سەریان هەڵداوە،کە بوونەتە سیمبولی نەتەوەی و نیشتیمانی ،کە ڕاستەوخۆ لە قۆناغە چیا جیاکانی خەبات و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردا ڕۆڵی کاریگەریان هە بووە، ئیدریس بارزانیش یەکێک بووە لەو سەرکردانەی کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە خە باتی سیاسیی و سەربازی هەبووە ،چ لەسەر ئاستی باشووری کوردستان، یاخود لە نێو تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەسەر ئاستی تەواوی کوردستان و عێراق و ئەقلیم و ئاستی نێودەوڵەتیش. شایانی باسە هەردەم ڕۆڵی کاک ئیدریس لە بواری دیپڵۆماسی و دانوستان ڕۆڵێکی گرنگ و یەکالکەرەوەبووە. لەڕێر چاودێری مستەفا بارزانی و هاوڕیی و هەڤاڵینی سەرۆک مسعود بارزانیدا شەهید ئیدریس بارزانی ڕۆڵکی سیاس و عەسکەریی و دیپلۆماسی کارای هەبوو لە نێو بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردستان بەتایبەت لە ڕێکەوتنی11ی ئازاری 1970و دامەزراندی بەرەی کوردستانی 1988.

هەرچەندە ئیدریس بارزانی لە تەمەنێکی زوو کۆچی دوای کرد بەاڵم لە ماوەی 26ساڵ خەبات لە ڕیزی بزووتنەوەیڕزگاریخوازی کورداا، شەهید ئیدریس بارزانی توانی ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێ، ئەمەش دەگەڕێتە وە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسایە تییە سوودی لە ئەزموونی مەال مستە فا بارزانی باوکییە وە وەرگرتووە، کە بۆ ماوەی نیو سەدە ڕابەرایە تی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کردووە. ئیدریس بارزانی، خاوەن پێگەیە کی سیاسیی و سەربازی دیاربووەو ڕۆڵی بەرچاوی لە گۆڕانکاریییە سیاسیی و سەبازییە کاندا گێڕاوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی گەلی کورد، بەاڵم کاک ئیدریسی هەمیشەزیندوو، وەک پێویست مافی شایستەی خۆی لە میژوودا نەدراوەتێ وەکو سەرکردەیەک شۆڕش گێر و کۆڵنەدەر، ئەوندەی من ئاگاداربم تۆێژینەوەیەکی ئە کادیمی، سەرلەبەری لایە نە کانی ژیانی ئیدریس بارزانی نەنووسراوە ئەنجام نەدراوە.

هەر لەسەرەتای خەباتی شۆڕشگێڕی خویدا، کاک ئیدریس ئەرکی قورس و بەرپرسیارانەی لەسەر شان بووە. لەساڵی 1964ئیدریس بارزانی لەسەرفەرمانی (بارزانی باوک) لە ناوچەی بارزانەوە دەچێتە ناوچەی ڕانیە بۆ هاوکاریکردن و ڕاییکردنی کاروباری پێشمەرگە. کاک ئیدریس بارزانی زۆر لەسەرخۆ پاک ودڵسۆز و سادە بوولە ژیاند، متمانە و بیروڕایەکی بە هێزی بە خۆ هەبووە، زیرەک و وردبین بوو، لەگەڵ هەموو ئە مانە مرۆڤێکی بەخشندەو مرۆڤدۆست بوو. ئیدریس بارزانی جگەلەوەی کەکوڕی ڕابەڕی ڕۆحی نەتەوەیی کورد و سەرکردەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان جەنڕال مستەفا بارزانی نەمر بوو، هاوکات کەسێکی بەهرەمەند و کارامە و خوێندەوارێکی بەتوانا و ڕووناک بیربوو، ئەو لەگەڵ ئەوەی پەروەردەی هزری ئاشتی و یەکسانی و ئازادیخوازی ودیموکراسی بوو، لە هەمانکاتیشدا پێشمەرگە و سەرکردەیەکی دڕۆار و ئازا و بەجەرگ بوو لە سەنگەرەکانی خەبات و شۆڕشدا بۆ بەرگری کردن لە ئازادی و سەرفرازی کورد و کوردستان. کاک ئیدریس بارزانی وێنەیەکی پاک و بێگەردی (مستەفا بارزانی) بوو، هەموو سیفەتەکانی لەودا بەدیدەکری. ئیدریس بارزانی ،خاوەن پێگەیەکی سیاسیی و سەربازی دیار بووەو ڕۆڵی بەرچاوی لە گۆ ڕانکارییە، سیاسیی و سەربازییە کاندا گێڕاوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی گەلی کورد. زیرەکیی و دانایی و بەرجەستەگیی ئیدریس بارزانی لە سەنگەرەکانی پێشمەرگایەتییدا نمونەی جەنگاوەرێکی ماندوو نەناس وێناەکات.

ساڵی1961کە شۆڕشی ئەیلوول بە سەرکردایەتی جەنڕال مەال مستەفا بارزانی بەرپابوو، ئیدریس بارزانی وەک پێشمەرگەیەکی ئەوشۆڕشە خەباتی شۆڕشگێڕی دەست پێکرد.لەم شۆڕشەدا کاک ئیدرس نمونەی پێشمەرگەیەی نمونەی نازاو بە جەرگ بوو هەروەها سەرکردەیەکی سیاسی و دیپلۆماسی بوو.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە نهج العراق جۆری ئۆتۆمبێل ستیشن HAVAL-H6 رەنگی رەش مۆدێل ٢٠١٩ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٤٢٧١٣ کاتی هەولێر ژمارەی لاشە شاصی: LGWEF6A54KH911078 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محافظه اربیل
مدیریه العقود العامه
الرقم:٣٢
تاریخ:٢٠٢٠/٢/٦
اعلان
م/مناقصه سریة/ الرقم (٦) مرة الثانیة
تعلن محافظه اربیل/ مدیریه العقود العامة/ عن المناقصة السریة لمشروع (توزیع النفط الابیض علی النازحین ضمن حدود محافظة اربیل) الذی یقوم بتنفیذها (محافظه اربیل) علی المقاول او الشرکه فی المناقصة مراجعه مدیریه العقود العامة/ قسم الحسابات فی المحافظه اربیل بغرض استلام نسخه من المناقصه وشروط تنفیذ المشروع اعلاه ، بشرط ان یقدم طلب المناقصه فی ظرف مختوم و مسجل علیه عنوان المقاول او الشرکه ویقدم الی سکرتیر لجنه فتح العطاءات فی دیوان محافظه اربیل/الاداره المحلیه، علما ان اخرموعد لاستلام العطاءات الساعه ١٢ ظهرا من یوم (الاحد) تاریخ ٢٠٢٠/٢/١٦
دائرتنا غیر ملزمه بقبول أوطا العطاءات ، ویتحمل من ترسو علیه المناقصه أجور نشر الاعلان.
شروط قبول المناقصة
* أن تکون الشرکه مسجلة فی الاقلیم و خاصة بنقل المنوجات النفطیة و اجازتها

مجددا لسنة ٢٠٢٠.
* وضع التأمینات البدائیه بمبلغ (٥٠،٠٠٠،٠٠٠) خمسون ملیون دینار علی شکل صك مصدق او خطاب ضمان مع صحه صدوره من أحد المصارف الحکومیه فی اقلیم کوردستان أو من أحد المصارف أهلیه الغیر الحکومیه و یجب ان یتم مصادقه من قبل مصرف هریم المرکزی .
* براءة ذمة من دائرة ضریبة الدخل.
* سعر بیع العطاءات (٣٥٠،٠٠٠) ثلاثمائه و خمسون الف دینار.
فرست صوفی علی
محافظ اربیل

***

الی /الاعضاء الشرکة (دوسکي) للتجارة العامة /المحدودة
م/ تبلیغ بالحضور
نظرا لمرور فترة طویلة علی عدم عقد اجتماع بخصوص کیفیة ادارة امور الشرکة وللضرورة علی اجراء الاجتماع لغرض تصفیة شرکة (دوسکي للتجارة العامة /المحدودة) ولعدم ممارسة الشرکة نشاطها منذ تاسیسها لهذا تقرر تعین یوم (الخمیس) الساعة العاشرة صباحا والمؤرخ في ٢٠٢٠/٢/٢٧ موعدا لعقد الاجتماع في مقر الشرکة الکائن في دهوك /کري باصي واتخاذ القرار بتصفیة الشرکة ولك
المدیر المفوض / کمال طاهر سعید

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ١١
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦
ئاگاداری
لەسەر داوای هاوڵاتی (صالح محمد صالح) نەوەی (محمد صالح وسمان) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:- لە (شیخ محمد بن صالح بن عثمان) بۆ (محمد صالح وسمان) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (١٣ ، ١٦) کەرتی ٤٣/ترگارە, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەڵستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە:١٧٠٦/ب/٢٠١٩/٤
رێکەوت:٢٠٢٠/٢/٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (مورادخلیل ئوغلو/ ب.ر.ك. ئوساس ئوغرو سەردار ئوغلو)
داواکار (نوزاد شاولەت علی) داوای ژمارە ١٧٠٦/ب/٢٠١٩/٤ لەرێکەوتی ٢٠١٩/١/٢٧ بڕیاری پاشملەی دەرهەقت دەرکردووە بە پابەندکردنت بەگەراندنەوەی بڕی ٢٣٩,٥٢٠ دۆلاری امریکی بەرامبەر (٢٨٩,٨١٩,٢٠٠) هەزار دینار لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/ گوندی ڤیتال) لە ٢٠١٩/١١/٥ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی, وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) تێهەڵچوونەوە وە پێداچوونەوەتان هەیە لە بڕیاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسای.
دادەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

***

دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:٤٧٩/ج٢/٢٠٢٠
رێکەفتی:٢٠٢٠/٢/٣
بۆ تۆمەتباری رەڤی (عباس کنجو شلو)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٤٧٩/ ج٢/٢٠٢٠) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن خبات ل سەر مادەێ (٤٥٣) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدیا روژا ٢٠٢٠/٣/١٢ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە رێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل

***

دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:٤٨٥/ج٢/٢٠٢٠
رێکەفتی:٢٠٢٠/٢/٣
بۆ تۆمەتباری رەڤی (سوزان عبدالستار محمد سعید)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٤٨٥/ ج٢/٢٠٢٠) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن خبات ل سەر مادەێ (٤٥٦) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدیا روژا ٢٠٢٠/٣/١٩ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە رێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ١٤٢/کەتن/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/١/٣٠
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتباریێ رەڤی/ بدری عبدالله حاجی
دەمێ تو یێ تومەتبار د کێشا ژمارە ٤٧٦/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن سێمێل لدیڤ بەندێ (١/٢٣) ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیێ نەدیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدیا روژا ٢٠٢٠/٤/١٤ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە (غیابی) لدیڤ یاسایی.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (ATHAPACK) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).
پاکتاوکار/ رمزیة محمد صالح محمود
نانیشان/ هۆلی پارێزەران
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠١٠٦٠٦٥٧

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٩٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ڕێجوان) بۆ (بازرگانی گشتی – هاوردە و هەناردە/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٩٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سیماف) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٩٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ڕێجوان) بۆ (بازرگانی گشتی – هاوردە و هەناردە/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

هەرێمی کوردستان - عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب.مومتەلەکات

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقلیم کوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالیة والاقتصاد
مدیریة المحاسبات العامة
م.ممتلکات

ژمارە: ١٠٤ ڕێکەوت: ٢٧١٩ کوردی ڕێکەوت: ٤/ ٢٠٢٠/ زایینی

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری سەر بە وەزارەتی دارایی وئابووری نیازی فرۆشتنی کۆمەڵێك لە موڵیدە وکەل وپەڵ لە کارکەوتووی جۆراو جۆری هەیە بەزیادکردنی ناشکرا بەپێ ی یاسایی فرۆشتن وبەکرێدانی موڵك و سامانی دەولەت ژمارە (٣٢) ی سالی ١٩٨٦ی هەموار کراو لە بنکەی کۆکردنەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەناو بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر ، جا هەر کەسێك نارەزووی کرینی هەیە ئامادەبێت لە رۆژی(سێ شەم) ڕێکەوتی(٢٠٢٠/٢/٢٥) کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لە گەڵ ڕەچاو کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بەپێی ڕێنماییە کانی دارایی :

١/پیشکەش کردنی بارمتەی یاسایی (تامینات)٠

٢/دەتوانن ئەم(کەل وپەلانە ومۆلیدە)ببینن لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە شوێنی ناوبراو لەسەرەوە.

٣/لەسەر کرپارە لە ماوەی(٣٠) رۆژ ئەم کەل وپەلە مۆلیدانە هەلگرێت ٠

٤/بری پارە فرۆشتنەکە بە پارەی چاپی عیراقی بەشێوەی نەختینەیی (نقدی) وەردەگیرێت٠

٥/وەرگرتنی رێژەی ٢٪ لەکۆی فرۆشتنەکە بەزیاد لەگەڵ پارەی رۆژنامە لەسەر کرپاردەبێت.

- لیستی کەل وپەل ومۆلیدە:-

ژ	ناوی کەل وپەل	ژمارەیان
١	کۆمپیوتەر کامل	نزیك لە ٤١٥ دانە
٢	استنساخ و پرینتەر و تلفزیون	نزیك لە ١٠٠ دانە
٣	سپلیت کامل	نزیك لە ٢٠٠ دانە
٤	موبەریدە و پانکە	نزیك لە ٨٥ دانە
٥	غسالە	نزیك لە ٢٠ دانە
٦	تباغ	نزیك لە ١٥ دانە
٧	مێز و دولاب حۆراو جۆر	کۆمەلێك
٨	کورسی جۆراو جۆر	کۆمەلێك
٩	کورسی دەوار و قەنەفە	کۆمەلێك
١٠	کەل وپەلی کارەبایی جۆراو جۆر	کۆمەلێك
١١	باتری ئۆتۆمبێل	نزیك لە ١٣٠ دانە
١٢	تایەی ئۆتۆمبێل	نزیك لە ٤٥٠ دانە
١٣	کەل وپەلی ئۆتۆمبێل	کۆمەلێك
١٤	دەرگای دار و ئاسن وپێ ڤی سی	کۆمەلێك
١٥	تانکی ئاو و قەرەوێلەی ئاسن	کۆمەلێك
١٦	سۆبەی نەوت و هیتر کارەبایی	نزیك لە ١٢٠ دانە
١٧	بڕاد ئاو + سلاجە + مجمدە	نزیك لە ١٥٠ دانە
١٨	کەل وپەلی جۆراو جۆر	کۆمەلێك
١٩	ئامیری پاردە ژماردن وکەل وپەلی تایبەت بە بانك	کۆمەلێك
٢٠	مولیدە ٥٠ KV	دانە ١
٢١	مولیدە ٢٥٠ KV	دانە ١
٢٢	مولیدە ٢٥ KV	دانە ١

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی وئابووری

PetroWeld
Oilfield Services

الی السادة المساهمین في الشرکة (PETROWELD SERVICES)للاستثمارات المیکانیکیة والکهربائیة والانشائیة والخدمات العامة والتجارة العامة المحدودة

م/دعوة

بعد التحیة والسلام....

استنادا لاحکام قانون الشرکات رقم 21 لسنة 1997 المعدل

اني الموقع ادناه بصفتي المخول من قبل الهیئة العامة للشرکة المذکورة اسمها اعلاه أتشرف بدعوتکم للحضور الی مقر الشرکة في تمام الساعة (9 صباحا) في یوم (السبت) المصادف (2020-02-24)لعقد اجتماع الهیئة العامة في الشرکة للمناقشة في المواضیع أدناه للاقرار علیها:

1-تعین مدیر مفوض .

2-بیان وتحدید صلاحیات المدیر المفوض .

راجین الحضور في الزمان والمکان المحدد أعلاه مع فائق احترامي وتقدیري....

المساهم
AUDIE LAYUG MARCOS
2020/2/6

PetroWeld
PETRO - WELD SERVICES LTD

Certificate TR15/002069
Erbil Office – House No. 199, 100m street, Italian Village 1 / Erbil, KRG, Iraq. Erbil Kurdistan Region of Iraq
Sulymaniyah Office – Villa 4 Street # 6, Baxtiary District, Sulmaniyah, Kurdistan Region of Iraq
Email add: mfo@petroweld.com
Telephone No. +964 7504484504
Certificate No. TR/15/002069

دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ١٤٣/کەتن/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/١/٣٠
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێن رەڤی/ بلند حاتم
علی و هاوری صائب حسین
دەمێ هوین تومەتبار د کێشا ژمارە ١٤٣/ کەتن/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن تەناهی لدیڤ بەندێ (٤٥٦ دگەل بەندێن هەفپشک ٤٧ و ٤٨ و ٤٩) ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا هەوە نەیێ نەدیارە بریار هاتە دان هوون بهێنە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٤/١٥ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشمللە (غیابی) لدیڤ یاسایی.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێلێ
***
دادگای باری کەسێتی لە هەڵەبجە
ژمارە: ٣٦/ش/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٢/٣
بۆ داوا لەسەرکراو (ڕێبوار نامق مجید)
کە شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە
ئاگاداری
داواکار (شەهین علی عمر) داوایەکی بە ژمارە (٣٦/ش/٢٠٢٠) لەدژت تۆمارکردووە کە تیایدا (جیابوونەوە بەهۆی کۆچ دەکات) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لەڕێی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی بە ئامادەبونی خۆت یان بریکاری یاسایت لە دادگاکەمان لە بەرواری (٢٠٢٠/٢/٢٣) بە مەبەستی دادبینی بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئامادەنەبون (غیابی).
دادوەر/ فریق حمەصالح عبدالله
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١٨٥/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ دیدەوان عدنان عباس و دارەوان عدنان عباس
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ١٨٥/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگاییکردنتان بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٦ دادگا بریاریدا بە بەندکردنتان بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ بۆ هەر یەکەکتان لەسەرتان جێبەجێ دەکرێت بەپێی ماددەی ٣١/٤٠٥ لەیاسای سزا بڕیە بەگوێرەی یاسا پێتان ڕادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.
سەرۆک/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەشی یاسایی و گرێبەستەکان
ژمارە: ٢٩٣٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٤
جاردانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ جاری سێیەم
ئامازە بەرەزامەندی وەزارەتی دارایی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ ب.مومتەلەکات ژمارە (١٠٦٦٣) (٢٠١٩/٩/٣٠) بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ هەلدەستێت بە ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مولکی دەولەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦) لە ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/١٦) کاتژمێر ١٠ی بەیانی بەئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی بۆ فرۆشتنی کەل و پەلی لەکارکەوتووی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان لە کۆگای ١٩ و بەشی چاکردنەوەی دەزگای هونەری لەجێگای خۆی هەرکەسێك تارەزووی بەشداربوونی هەیە ئامادەبێت لەشوێن و کاتی ئامازەپێکرا و لەسەردوە لەگەڵ هێنانی بارمتەی یاسایی ٢٠٪ نرخی فرۆشتن تێبینی کریار پابەندە بەدانی ٢٪ نرخی پێشکەش کراو وەك کرێی ڕاگەیاندن و خزمەت گوزاری و کەل و پەلەکە بگوازرێتەوە لە ماوەی ٢٠ بیست ڕۆژ لە ئاگادارکردنەوەی بەبری کۆتایی فرۆشتن بەپێچەوانەوە کرێی لەسەر دەژمێردرێت بەبری ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار دینار لەبری هەر ڕۆژێك دواکەوتن
هاوپێچ:
خشتەی کەل و پەلی لەکارکەوتوو – فرۆشتن
دکتۆر/ دلۆڤان محمد فاتح جلال
بەڕێوەبەری گشتی
لیستی کەل و پەلی لەکارکەوتوو بۆ فرۆشتن
١- ناوی ماددە/ مۆلیدەی گەورە پێرکینس (١٠٠٠) کەی ڤی دانە/ ٣ / ٢- ناوی ماددە/ تانکی ئاوی قورس دانە/١ / ٣- ناوی ماددە/ مێزی جۆراو جۆر دانە/ ٦٥ / ٤- ناوی ماددە/ کورسی دەوار دانە/ ١١٧ / ٥- ناوی ماددە/ محەجەرە دانە/١٧ / ٦- ناوی ماددە/ دۆلاب ئاسن دانە/ ٧٥ / ٧- ناوی ماددە/ قەرۆیلەی نەخۆش دانە/ ٤٨ / ٨- ناوی ماددە/ قاعیدەی شەمعە دانە/٤٠ / ٩- ناوی ماددە/ گیزەر دانە/ ٧ / ١٠- ناوی ماددە/ کۆندیشن دانە/٢ / ١١- ناوی ماددە/ بەرادی ئاو دانە/١٥ / ١٢- ناوی ماددە/ مغسل دانە/ ٣٣ / ١٣- ناوی ماددە/ رفوف دانە/٢ / ١٤- ناوی ماددە/ دەرگای دار دانە/٣ / ١٥- ناوی ماددە/ سپلیت دانە/٢٩ / ١٦- ناوی ماددە/ کۆمپیوتەر کامل دانە/٦ / ١٧- ناوی ماددە/ حالەی بطل دانە/ ٥ ١٨- ناوی ماددە/ هیتەری کارەبا دانە/٧ / ١٩- ناوی ماددە/ دۆلاب تەنیشت نەخۆش دانە/ ٥١ / ٢٠- ناوی ماددە/ ماتۆری مبردە دانە/ ٦ / ٢١- ناوی ماددە/ پانکە دانە/ ٧ / ٢٢- ناوی ماددە/ شەمعەی ملابس دانە/١٣ / ٢٣- ناوی ماددە/ کورسی جۆراوجۆر دانە/٢٤٠ / ٢٤- ناوی ماددە/ سۆپای نەوت دانە/٧ / ٢٥- ناوی ماددە/ طباغی غاز دانە/٢/ ٢٦- ناوی ماددە/ پەرەڤانە دانە/ ١٣/ ٢٧- ناوی ماددە/ سلاجە دانە/١٧ / ٢٨- ناوی ماددە/ رەفی دار دانە/١١ / ٢٩- ناوی ماددە/ سەدیەی نەخۆش دانە/٨ / ٣٠- ناوی ماددە/ دەرگای جۆراوجۆر دانە/ ٤٢ / ٣١- ناوی ماددە/ بۆردی کارەبا دانە/ ١ / ٣٢- ناوی ماددە/ مبردە دانە/ ٨ / ٣٢- ناوی ماددە/ کەوەتەری جۆراوجۆر دانە/ ٩ / ٣٣- ناوی ماددە/ مزەخەی ئاو دانە/ ٢/ ٣٤- ناوی ماددە/ تانکی ئاو دانە/ ١٧ / ٣٥- ناوی ماددە/ بلاجکتۆر دانە/ ٥ / ٣٦- ناوی ماددە/ ساحیبە دانە/٦ / ٣٧- ناوی ماددە/ یوپی اس دانە/١٥ / ٣٨- ناوی ماددە/ نقالە دانە/٢٠ / ٣٩- ناوی ماددە/ عارەبانەی نقلی نەخۆش دانە/٣٠ / ٤٠- ناوی ماددە/ طاخم قەنەفە دانە/ ١/٢ ١ / ٤١- ناوی ماددە/ قاندرمە دانە/ ٢ / ٤٢- ناوی ماددە/ بطل حریق دانە/٢ / ٤٣- ناوی ماددە/ کۆل بۆکس دانە/٧ / ٤٤- ناوی ماددە/ مەستەبە دانە/٢٢ / ٤٥- ناوی ماددە/ دکتی مبردە دانە/ ٨ / ٤٦- ناوی ماددە/ کۆندیسەر دانە/٣ / ٤٧- ناوی ماددە/ پایەی ئاسن دانە/٢ / ٤٨- ناوی ماددە/ بطل هەوای ئۆکسجین دانە/٣ / ٤٩- ناوی ماددە/ پاتری دانە/٤ / ٥٠- ناوی ماددە/ استنساخ دانە/٢ / ٥١- ناوی ماددە/ عارەبانە ضماد دانە/٤ / ٥٢- ناوی ماددە/ بەرمیل نەوت دانە/١ / ٥٣- ناوی ماددە/ غسالە دانە/١ / ٥٤- ناوی ماددە/ مجمدە دانە/ ١ / ٥٥- ناوی ماددە/ سەکەر دانە/١ / ٥٦- ناوی ماددە/ جیهاز تخدیر دانە/١٠ / ٥٧- ناوی ماددە/ حاضنە اطفال دانە/ ٩ / ٥٨- ناوی ماددە/ بلاجکتۆری ژووری عملیات دانە/١٢ / ٥٩- ناوی ماددە/ کۆتەری دانە/١ / ٦٠- ناوی ماددە/ مۆنیتەر دانە/ ١٧ / ٦١- ناوی ماددە/ دی سی سۆڵ دانە/٢ / ٦٢- ناوی ماددە/ سەلاجە بەرادی خوێن دانە/ ١/ ٦٣- ناوی ماددە/ اشعە دانە/١ / ٦٤- ناوی ماددە/ سەکەر دانە/٤ / ٦٥- ناوی ماددە/ منظم ئۆکسجین دانە/١ / ٦٦- ناوی ماددە/ تخطیط قلب ئی سی جی دانە/١٦ / ٦٧- ناوی ماددە/ جیهاز تحمیض مختبر خوێن دانە/٤ / ٦٨- ناوی ماددە/ غسالە دانە/١ / ٦٩- ناوی ماددە/ بلاجکتۆر دانە/٥ / ٧٠- ناوی ماددە/ میزان بچووك دانە/١ / ٧١- ناوی ماددە/ میزان عمودی دانە/١ / ٧٢- ناوی ماددە/ انفیرون مین دانە/١٠ / ٧٣- ناوی ماددە/ جیهاز تنظیف میاء دانە/١ / ٧٤- ناوی ماددە/ جیهاز اسنان دانە/١ / ٧٥- ناوی ماددە/ مجمدە خوێن لقاحات دانە/٤ / ٧٥- ناوی ماددە/ جیهاز چاو دانە/١.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٨٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (هەلوەند) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٩٠٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (FIRST IRAQ COMPANY) بۆ (بازرگانی گشتی و هێنان و بردن/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٢٢٥٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (MEDITERRANEAN PETROLEUM)
بۆ (هاورده و فرۆشتنی بەروبوومە نەوتیەکان/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (MEDITERRANEAN PETROLEUM) بۆ (هاورده و فرۆشتنی بەروبوومە نەوتیەکان/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٥) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فرهاد فؤاد عثمان) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Offsite HSE and Ops Support Officer
LOCATION: Field - Atrush

JOB SUMMARY: The Offsite HSE Support Officer will provide support for the Field Manager and HSE Team to ensure processes and systems are in place and in a state of readiness for safe and efficient operation. He/ She will also ensure that the Asset Team is prepared for emergency situations and to provide cover for activities requiring HSE monitoring during peak load activities such as projects and shutdowns.

KEY RESPONSIBILITIES
- Equip, monitor and maintain materials and locations for Emergency Response.
- Prepare and collate all required materials for annual Audit Plans and ensure their completion.
- Provide and support training in Incident Management.
- Act as a Member of the Site Incident Management Team
- Conduct regular audits and checks on the availability and suitability of safety equipment Carry out inductions and assure confirmation and understanding as required during peak periods to support the HSE Team.
- Monitor and report on costs related to HSE support.
- Monitor and Support HSE Critical Activities within the Field in Non – Hazardous Areas Act as site Focal point for HSE input to Contract development with SCM in Erbil.
- Provide support and regular reviews on Contractor HSSE Performance as required under the direction of the Field Manager to ensure improved Contractor Management.
- Collate and Provide daily / weekly and monthly reports to the Field Manager on performance areas and populate KPI's.
- Identify and implement optimization and cost saving initiatives.
- Support the Field Manager in the development of annual budgets.
- Provide HSE support to the Atrush Trainee Program
- Champion 12 Essential Safety Rules and Commitment to Operational Excellence.
- Participate in or lead incident investigations

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Certification in Management skills
- Root Cause Analysis tools (Topset preferred)
- NEBOSH certification or equivalent
- 20 years Oil and Gas industry.
- Previous experience of working in the Iraq / Kurdistan Region
- Fluency in English, both written and spoken

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Field Manager
LOCATION: Field - Atrush

JOB SUMMARY: Prior to production start-up – Key involvement in developing Operations Management Plan, Safety & Security Management Plan, Maintenance Management Plan, Commissioning Plan, including manuals to go with these plans. Review & input into EPF design, including participation in HAZID and HAZOP reviews.

KEY RESPONSIBILITIES
- Authority and overall responsibility for working with the EPC Contractor and the TAQA Drilling Dept. to ensure the development of the plans and procedures for the operations and maintenance of producing wells and the EPF.
- Discipline champion for HSSE; includes review and understanding of Kurdistan local regulations and application of either TAQA or local standards, whichever is more stringent.
- Proactive role in establishing, implementing, and maintaining appropriate working and living conditions for all TAQA staff in the field area; complying with all relevant fire, safety, and health policies.
- Develop, maintain, & encourage relationship with local residents, landowners, & businesses.
- Assist in setting and achieving annual performance objectives in areas of production levels, costs, maintenance, safety, environment protection, and personnel development.
- Under overall supervision of Production Manager, develop and control the annual budget for the field level operations, monitoring and authorizing delegated area expenditures and exercising proper cost control.
- Lead role at field level in any Emergency Response situation.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Minimum of 25 years sound practical upstream oil and gas facility and well operations experience, with minimum 5 years in sour service operations
- Expert knowledge in operating and maintaining upstream oil and gas treatment equipment, including oil stabilization, amine gas sweetening systems, produced water treatment & handling equipment, gas turbine compression & power generation
- + 15 years supervisory level experience; with at least 5 years in a management position
- Fluent English language skills spoken and written

NOTE:
These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
Only shortlisted candidates will be contacted.

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٣١٤/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/١/٢٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: کاوە مصطفی محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١٤) لەیاسای (ماده هۆشبەرەکان) جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
سەرۆکی دادگا/ زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٦٨٠/ت/٢٠١٧
بەروار: ٢٠٢٠/١/١٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ڕێباز جلال تۆفیق
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/٣١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٠٦١/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/١/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هەردی محمد ابراهیم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٣٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخاڵ محمد مصطفی
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٢٩٢/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/١/٢٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هێمن محمود رسول
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٦/١٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٦٥/ت/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/١/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ریشوان صلاح رسول
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢١) لەیاسای چەك لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (قەلادزێ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ٢٦٦٦/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/١/٢٩
بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: شاهۆ انور علی/ سەرخیل کۆرش عزت
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٦/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخاڵ محمد مصطفی

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (MEDITERRANEAN PETROLEUM) بۆ (گواستنەوە و هاوردە و فرۆشتنی بەروبوومە نەوتیەکان/ سنوردار) بریاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).
پاکتاوکار/ فرهاد فؤاد عثمان
نانیشان/ گەرەکی ئەندازیاران
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٦٦٩٤٠

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Shutdown & Start-Up Manager

LOCATION: Field - Atrush

JOB SUMMARY: Provide leadership in consolidating the requirements defined by the "Flawless Shutdown and Start-Up" philosophy and goals specific to the surface process facilities within the TAQA Iraq asset. Enhance business value through the application of Continuous Improvement methodology for the identification and execution of opportunities to reduce the overall proposed planned shutdown period.

KEY RESPONSIBILITIES
- Develop robust short and long-term work scopes to ensure that all referenced work is completed for the enhancement of the reliability and profitability of the facility.
- Review and provide feedback on detailed technical assessment reports for the optimization of new and existing systems, including recommendations for remedial and long-term action plans, prior to forwarding to Senior Management
- Develop, communicate and execute the above work scopes in cooperation with the Operations, Engineering and Projects
- Respond quickly to challenging and varying production-related business interruptions as defined by the Operations, Engineering and Projects Teams
- Maintaining personal competencies applicable to your position.
- Identify, investigate and deliver on the shutdown and Start-Up-specific risks associated with the application of new process technology / systems as driven by the TAQA Iraq business objectives
- As part of the HSSE group, the individual must set and maintain the highest standards of integrity, trust and adherence to the company's' HSSE requirements.
- Assure the timely delivery of the Operations group remit

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Minimum of 10 years Mechanical Engineering, Production Operations or similar technical experience in Oil / Gas or petrochemical process facilities
- Minimum 5 years previous Supervisory or Management experience
- Minimum of five (5) years of process plant operations experience
- Minimum of five (5) years' experience in a Senior Maintenance or Production role involving: technology assessment
- Fluency in English, both written and spoken

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Instrument and Controls Engineer Technical Authority

LOCATION: Erbil Office with frequent visits to the Field

JOB SUMMARY: Provide Leadership in generating Instrumentation & Control Engineering-related recommendations that align with the project design requirements and enhance Business value. Serve as the Technical Authority relevant to Instrumentation & Control Engineering Equipment, across the TAQA Iraq assets.

KEY RESPONSIBILITIES
- Provide oversight and direction relevant to the Instrumentation & Control Engineering aspects of Projects that support the delivery of the Business objectives.
- Review and provide feedback on detailed technical assessment reports for the optimization of new and existing systems, including recommendations for remedial and long-term action plans, prior to forwarding to Senior Management.
- Respond quickly to challenging and varying production-related Business interruptions as defined by the Operations, Drilling and Reservoir Engineering Groups
- Encourage, and provide direction for, a multi-faceted continuous professional development programmer for the Instrument & Control Engineering Trainees.
- Assure the timely delivery of the Engineering and Maintenance group requirements.
- Investigate the Instrumentation & Control Specific risks associated with the application of new process technology / systems as driven by the TAQA Iraq Business objectives.
- This job description is designed to outline the main duties and responsibilities associated with the post, but are not intended to be an exhaustive list of all duties performed.
- As part of the HSSE group, the individual must set and maintain the highest standards of integrity, trust and adherence to the company's HSSE requirements.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Instrumentation & Control Engineering Degree from an internationally accredited University programmer.
- Minimum of 10 years Instrument & Control Engineering experience in an oil/gas or petrochemical process facilities.
- Minimum of 5 years' experience in a Senior Technical role involving: technology assessment and selection; technical risk assessment participation and communication; technical standards development and implementation; and strategic thinking responsibilities.
- Minimum of 5 years process plant operational experience.
- Fluency in English, both written and spoken

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Lead Electrical Engineer/Electrical Technical Authority

LOCATION: Erbil Office with frequent visits to the Field

JOB SUMMARY: Provide Leadership in generating Electrical Engineering-related recommendations that align with the project design requirements and enhance Business value. Serve as the Technical Authority relevant to Electrical Engineering Equipment, across the TAQA Iraq assets.

KEY RESPONSIBILITIES
- Provide Technical input and approval of specific detail aspect of electrical design.
- Responsible for design philosophies for electrical equipment and associated operability on petrochemical plants.
- Perform and analyses system studies on Power generation and distribution systems.
- Issue detail specifications and data sheets for primary electrical equipment for procurement and system integration.
- Prepare electrical engineering documents to include cable, earthling , lighting and equipment layouts as well as selection, sizing and specification of electrical equipment
- Active input to Permit to Work System and appointment of SAEP (Senior Authorized Persons) for Isolation and switching programmers on LV and MV distribution systems.
- Ensure that the engineering, installation & commissioning scope is carried out in a safe manner and in compliance with Scope of Work, approved Engineering Standards and Project Specifications.
- Carry out design audits on in house deliverables and contractors submissions.
- Provide engineering input to obtain necessary Statutory, Government and Partner Consents and Approvals.
- Ensure that Electrical Safety and Operability is observed on design and plant operations
- Provide total support to project and operations on all electrical matter.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Electrical Engineering min BS Degree Level
- Chartered /PE Engineers status
- Member of a recognized Institution
- Minimum 20 years Oil & Gas Industry Experience
- Held position of Principal /Chief Engineer with a minimum 10 years in Supervisory Position
- Comprehensive knowledge in Electrical Engineering design up to 110kV
- Familiar with world – wide Petroleum industry codes and standards.
- MS proficiency required
- Fluent English language skills spoken and written

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

خەبات
www.xebat.net
یەک شەمە 2020/2/9 ژمارە (5928)



ئێرە (ووهان)ی ئیمرۆیە!

تا: هەندرێن شێرزاد

ووهان، بە لانکەی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا دادەنرێ و تا ئێستا ئەو ڤایرۆسە بۆتە هۆی مردنی چەندین کەس ، ژمارەی توشبووان و قوربانیانیش·رۆژ بە رۆژ لە هەڵکشان دایە. هەر دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە ، دەسەڵاتدارانی چین چواردەوری شارەکەیان داخستوە و هاتن و چوونیان تیادا قەدەغە کردووە. ئەمڕۆش لە ترسی ئەم ڤایرۆسە ،شەقام و بازارەکانی ئەم شارە چۆل دێنە بەرچاو.

دەکەوێتە ناوەڕاستی چینی فراوان و تا پێش سەرهەڵدانی ئەم تەنگژەیە یەکێک بووە لە سەئتەرە سەرەکیە پیشەسازی و ئابووریەکانی ئەم وڵاتە.

لە رووی چڕی دانیشتوانەوە ، ووهان گەورەترین شارەکانی چینی ناوەڕاستە و ژمارەی دانیشتوانی 11.895.000 کەسە

رووبەرەکەی 8.467.2 کیلۆمەتر دووجایە.

ئاینی سەرەکی لەو شارە بوزیە و ریژەی شوێنکەوتووانی 14.7%دوای ئەوان

پڕۆتستانتەکان 2.9%

ئینجا موسوڵمانەکان 1.6%

و کاسۆلیکی رۆم 0.3%و

1.6%یش شوێنکەوتووی ئاینی دیکەن.

ووهان شارێکی گەورەیە و پەلی بۆ سێ شاری دیکە هاویشتووە کە هەریەکە لە هانکۆی سەر کەناری باکوری یانگتزێ و هانیانگی دراوسێی ئەلهان و چانگی کەناری باشووری یانگتزێن و سالّی 1950لەیەک دراون . بە بوونی ژمارەیەکی گەورەی کارگەی بەرهەمهێنانی ئاسن و پۆلا ناسراوە.

ژمارەیەک زانکۆی گرنگی وەک زانکۆی ووهان و زانکۆی ووهان بۆ تەکنۆلۆژیا و زیاتر لە 350پەیمانگای تایبەت بە تویژینەوە لەو شارە هەن کە لەسەر ئاستی چین و دوای پەکین و شانگهای بە پلەی سێییەم دێن.

بە مەبەستی خوێندن ، سالانە ژمارەیەکی یەکجار زۆری قوتابیان لە سەرتاسەری جیهان رووی تێ دەکەن.

لە ووهان زیاتر لە 340 شوێنی میژوویی هەن و بە درێژایی میژوو رووبەڕووی چەندین هێرش بۆتەوە ، بۆیە لە زۆر شوێن تاوەری چاودێریکردن و شووڕە تا ئێستاش بەدی دەکرێن.

لە بواری هونەر و شیعر و هزردا ووهان رۆڵێکی گەورەی بینیوە ، بە تایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی مەغۆلدا و دواتر لە وڵاتی چین بۆتە یەکێک لە گرنگترین چوار شاری بازرگانی.

لە سەدەی 19 هێڵی شەمەندەفەری بۆ راکێشراوە ، هەروەها بۆتە پێگەیەکی گرنگی گواستنەوەی دەریایی و زەمینی.

تا سالّی 1911و لەناوچوونی دەسەڵاتی چینگەکان و دامەزراندنی کۆماری چینی میللی ، ووهان لەژێر دەسەڵاتی بێگانە دابووە.



بە ژمارە

نەخشەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا لە جیهان

تا: هەندرێن شێرزاد

دوو مانگ لەمەوبەر ئەم ڤایرۆسە لە چین بڵاو بووەوە.

ژمارەی قوربانیانی کورۆنا تا دوو رۆژ لەمەوبەر لە چین 563کەس بووە.

تەنیا لە چین 29018کەس دووچاری ئەم ڤایرۆسە بوونە.

لە هۆنگ کۆنگ 22تووشبوو هەن و کەسێکیش گیانی لەدەست داوە.

لە ماکاو: 10تووشبوو.

ژاپۆن: 45.

سەنگافورە: 28.

تایلاند: 25.

کۆریای باشوور: 23.

ئوسترالیا: 14.

ئەڵمانیا: 12.

ئەمەریکا: 12.

تایوان: 13.

مالیزیا: 14.

ڤیێتنام: 10.

فەرەنسا: 6.

ئیمارات: 5.

کەنەدا: 4.

هیند: 3.

فلپین: 3تووشبوو و کەسێکیش گیانی لەدەست داوە.

رووسیا: 2.

ئیتاڵیا: 2.

بەریتانیا: 2.

بەلژیکا: 1.

نیپال: 1.


سریلانکا: 1.

سوید: 1.

ئسپانیا: 1.

کەمبۆدیا: 1.

فنلەندا: 1.







ئێرە شوێنە گشتیەکانی شاری (ووهان)ە





کوردستان گەنجینەیەک لە شارستانییەتی شاراوە

بیانییەکان بەشوێنە گەشتیاری و مێژوییەکانی کوردستان سەرسامن



ساسان دەروێش -هۆڵەندا

هەروەک ڕوون و ئاشکرایە لە لاپەڕەکانی مێژوودا ، هەبوونی پانتاییەکی گەورە لە شوێنەواری مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر جوگرافیایی کوردستان بوونی هەیە و بە بەڵگە سەلێنراوە هەر لە هەبوونی مرۆڤی یەکەم لە ئەشکەوتی شانەدەر لە چیای برادۆست کە شوێنەواری نێسکە پەیکەری مرۆڤی شانەدەری نیاندرتاڵی تیا دۆزراوەتەوە و دوای دابەزینی مرۆڤ لە ئەشکەوت و گەڕان بەدوای سەرچاوەی خۆراک و پاڕێزگاریکردن لە خۆی بەدروستکردنی نیشتەجێ بوون لە دروستکردنی خانووبەرە و بەکارهێنانی پێداویستیە سەرەتاییەکانی بۆ بەردەوام بوونی ژیان ، بەهەزاران شوێنەواری کۆن و مێژوویی بەجێماویان لە قوڵایی کوردستان ، شارستانیەتی کورد دەردەخەن ، کە چەندەها لێکۆڵینەوەی گرنگ و مێژوویان بۆکراوە لە لایەن تیمی بیانی وناخۆی و بەردەوام لەگەنجینەی شارستانیەتی شاراوەی کوردستان بنکۆڵ دەکرێ و پارسەڵیش لە دەشتی شارەزوور توانرا ئاسەواری شارێکی ئاشوریەکان لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسی ژاپۆن ولوبنان دۆزرایەوە و هاوکاتیش لە ئەشکەوتی شانەدەر سێیەمین مرۆڤی نیاندرتاڵ لەلایەن تیمێکی شارەزای بەریتانیەوە دۆزرایەوە و بەشێکی گرنگ لە شوێنەوارە مێژوویەکانی کوردستان لە وڵاتانی جیهانیش ناسراون و لێکۆڵینەوەی بەردەوامیان بۆ دەکرێ، بەداخەوە وەک پێویست پارێزگاریان لێناکەین چ وەک تاکە کەسی کورد و بەرپرسانی پەیوەندیدارکە زۆربەی زۆریان لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوونداں ، بەمووندی ئەو هەزارانە ، پارسال لە هۆڵەندا وە بۆ یادی 60ساڵەی بەناشکرا دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات گەڕابوومەوە بۆ نیشتیمان و بەشداربوونم لەو یادکردنەوەیە و بەسەربردنی کات و ساتێکی خۆش لەگەڵ هاوپیشەکانم سەردانی شاری دهۆکی گوڵاڵە سووری بادینانمان کرد لەسەرە بێ نازی پێوە دیاربوو کە بەشێکی گرنگی ئەو شوێنەوارە کەوتبووە ناوە ئاوەکە ، ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا لەونەخشەیە کە لەیەکێک لە دراوە کۆنەکانی عێراقدا هەیە، گای باڵدار لە شاخەکەوە بەهۆی کەشوهەواوبارانەوە کەوتۆتە ناوڕووبارەکەی گۆمڵ ولەسەربەردەکە وێنەی گایەکی باڵدارهەیە ، سەری گایە لەسەر مرۆڤ دەچێت وبەهێمای ئاقڵمەندی دادەنرێ وجەستەی گایەکەیش نیشانەی هێزی فڕین بەرە وئاسمانە ، ئەو پەیکەرە بەکۆپیکراوی لەبەردەمی دەرگای شوێنەوارەکە هەڵواسراوە ، خەنەس بەدووری 52کم دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆک وبەدووری 13کم دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی شێخان ، بەهاوینەهەواری سەحاریب ی پاشای ئاشوریەکان ناسراوە ، لە نیمچە دۆڵێکدا زنجیرە شاخێک دەڕوانێتە سەر ئاوێکی سازگار ، شوێنەوارەکانی خەنەس بەقەدی شاخەکەوە دەڕوانێنە سەر ئاوەکە کە لە ژمارەیەک ئەشکەوت و پەیکەر وهەڵکۆڵدراوی سەرشاخ وچەند جۆگەیەک پێکهاتوون ، لە پەیکەری گای باڵدار وچەند پەیکەرێکی تری هەڵکۆڵدراونووسینی بزماری لەسەر دیواری چیاکەو پەرستگای ناونەشکەوت وهەڵکۆڵدراوی وێنەی پادشا لە شوێنە بەرزەکان بەدی دەکرێ و بەهەموویان شیوازێکی جوانی هونەری دەبەخشن کە دیارە بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک کاریان تیداکردوە وجێگایی دەستخۆشین بەڵام وەک پێویست ئەم شوێنە میژوویە نەکراوەتە شوێنێکی گەشتیاری وڕاکێشانی گەشتیاران کە بەشێکی گرنگن لە شارستانێتی مرۆڤایەتی و ڕاستە هەندێکی تووشی دەستدرێژی وشکاندن بوون بەڵام بەشێکی باشیشی ماوەتەوە بەمشێوەیە ، ئەوەی لەم گەشتەمدا زۆر سەرنجی ڕاکێشاین لەو دێهنە پڕلەخەیاڵی و جوانیانەی سروشتەکەو تێکەڵ بوونی بەکاری هونەری دیدەمانی لەگەل خۆی دەبرد بۆ بینینی هەموویان وگەڕان بەناویاندا ، لەناکاو شاندێک هاتنە سەردانکردنی وبە زمانی بیانی قسەیان دەکرد کاتێک لێیان نزیک بوینەوە زانیم ئەمانە خەڵکی هۆڵەندا و بەڵێکان بەڕێکەوت هاتوون بۆ ئێرە و پشوودان ، کاریان لە دهۆک هەبووە ، کاتێک پێکەوە کەوتنەینە گفتوگۆ زۆربان پێخۆشبوو کەسێکی کوردی بەهۆڵەندی لەگەڵیان ئەدوێ هەرخێرا داوای زانیاریان کردوبە شوێنەوارێکی گرنگ ومێژووی وسفیان کرد وگوتیان گەلی کورد لەپاڵ ئازایەتی وخۆڕاگریان بە پێشمەرگەوسەرکردەکانی خاوەنی چەندەها شارستانی گەورەشن بەهیواین بیان پارێزن مێژووی ئەوشوێنەوارە بۆ سێ هەزارسااڵ پێش وبۆ سەردەمی ئاشووری ومیتانیەکان دەگەڕێتەوە ، بەتەنها لە باشووری کوردستان چەندین شوێنەواری مێژوویی گەشتیاری هەن بەڵام تائێستا نەبوونەتە جێگایی سەرنجی گەشتیارانی بیانی وهاوڵاتیانی ناخۆی کوردستان ، لە جیهاندا شوێنەوارەکان یەکێک لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی بوژاندنەوەی ئابووری وسەرچاوەی داهاتن بەهیوام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرپرسانی پەیوەندیدار لە دوای نەوت وکشتوکاڵ گرنگی زیاتر بدەن بەم شوێنەوارانە و لاکردنەوەی خێرا و بەسەرکردنەوەیان وناساندنیان لە ڕێگایی کەناڵ ومیدیاینەوە .

کۆمپانیای هواوی هۆکاری دەرکردنی وەزیری بەرگری بەریتانیا بوو



دووبارە کۆمپانیای هواوی هۆکاری ڕووداوێکی کە بوو لە دوای ئەوەی کە شەڕی بازرگانی نێوان چین و ئەمریکا لەسەر دەستی تڕەمپ دەستی پێکردوە بۆ هەندێ لەکۆمپانیا چینیەکان بەتایبەتیش هواوی.

ئەم جارەیان کێشەکە پەیوەندی بە بەریتانیاوە هەیە ، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هواوی هۆکار بوو بۆ دەرکردنی وەزیری بەرگری بەریتانیا Ga-vin Williamson لەدوای دزەپێکردنی ڕاپۆرتێکی نهێنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەی لە بەریتانیا سەبارەت بە ڕێگەپێدانی هواوی کە بەشداری بکات لە ژێرخانی یاخود بنیات نانی تۆڕی 5G لە وڵاتەکەیدا یاخود نا.شایەنی باسە ڕاپۆرتەکەش ئەوەی ڕوونەدەکردەوە کە ڕێگە بە هواوی دراوە بەشداری بکات، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە نهێنی بوو نەئەبوای بڵاو ببوایتەوە تاکو مانگی شەشی داهاتوو ، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا Theresa May وەزیری بەرگری بەریتانیا لە پۆستەکەی دەربکات ئەمەش هۆکارێکی سیاسی لە پشتەوە بوە.

خەبات: سۆزان سلێمان

ڕەنگە واباو بێت کە تیشکی خۆرو گەرمای هاوین زیان بە پێست دەگەیەنێت بەڵام بەهەمان شێوە هەوای ساردی زستانیش زیان بە جوانی و بریقەی پێست دەگەیەنێت .

خاتوو پەری مەیک ئاپ ئارتێستی بە توانا و شارەزا لە بوارەکانی پێست سەبارەت بەوەی چۆن بتوانین پێستمان بپارێزین لە وەرزی زستاندا؟ دەڵێت: بەکارهێنانی دژە خۆر گرنگترین شتە بۆ پارێزگاریکردن لە پێست چونکە هەندێک کەس وا تێگەیشتوون کەوا بەکار هێنانی دژە خۆر لە وەرزی زستاندا شتێکی هەڵەیە پێیانوایە تەنها لە وەرزی هاویندا بەکار دەهێنرێت، بەڵام تیشکی خۆر لە هەردوو وەرزدا زیانی هەیە بۆ پێست ، هەندێجار لە وەرزی زستاندا زیانی زیاتریشە ، بۆیە پێویستە کریمی دژە خۆر بەکار بهێنرێت نیو کاتژمێر پێش دەرچوون لە ماڵ ، دەبێت ئەو کرداڕە بە شێوەیەکی بەردەوام دووبارە بکرێتەوە لەو ماوەیەداو هەروەها بەکارهێنانی کریمی دەست بە شێوازێکی بەردەوام و ڕۆژانە بەکاربهێنرێت و نابێت پشتگوێ بخرێت و گرنگی پێنەدرێت، چونکە بە کارهێنانی هەندێک کریمی هەڵە دەبێتە هۆی ئەوەی پێست تووشی وشکی و شەقبوون بکات بۆیە پێویستە کریمی تایبەت بە دەست بە کار بهێنرێت ڕۆژانە دوو جار لە شەو و ڕۆژدا، دەبێت دەستەکانمان بە ئاو و سابوون بشۆردرێت.



هەروەها بەڕێزیان گوتیشی: سەردانیکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆری تایبەت بە پێست زۆر گرنگەو دەبێت خەڵک زانیاری وەربگرێت لە سەر چۆنیەتی پارێزگاریکردنی پێستی ، چونکە تەنها دکتۆری پێست و دکتۆری جوانکاری پێست دەتوانێت شێکاری پێست بکات بە شێوەیەکی زۆر ورد ، دەستنیشانکردنی کێشەکانی پێست و چارەسەرکردنی .

ئاماژە بە پاکڕاگرتنی پێست دەکات و دەڵێت:پاکڕاگرتنی پێست لە گشت وەرزەکاندا و لەگەڵ گۆڕینی پلەکانی گەرما شتێکی زۆر گرنگە چونکە لەگەڵ گۆڕینی وەرزەکاندا پێویستە بە پێی ئەو وەرزە کرێمیش بگۆڕدرێت و پێویستە ئەو کرێمانە بە کارهێنرێت کە زەیتیان تێدایە چونکە زەیت هاوکاری شێداری پێست دەکات ، جۆری زەیتیش دەبێت بە پێی جۆری پێست هەڵبژێردرێت چونکە هەموو زەیتێکیش باش نین بۆ پێست هەندێکیان دەبنە هۆی ئەوەی پەڵەی ڕەش لەسەر پێست دروست بکەن ، هەر بۆیە زەیتی بادەم و زەیتی ئەڤۆکادۆ یەکێکن لە باشترین زەیت بۆ پێست ، لە وەرزی زستاندا خەڵک وا ئارەزوو دەکەن کە خۆیان بە ئاوی زۆر گەرم دەشۆن بەڵام وا باشترە ئاوی گەرم زۆر بە کار نەهێنرێت چونکە ئاوی گەرم دەبێتە هۆی وشکبوونی پێست.

پاراستنی پێست لە وەرزی زستاندا

پەری مەیک ئاپ: تیشکی خۆر لە زستانیشدا وەکو هاوین زیان بەپێست دەگەیەنێت

پێست بکات بە شێوەیەکی زۆر ورد ، دەستنیشانکردنی کێشەکانی پێست و چارەسەرکردنی .

ئاماژە بە پاکڕاگرتنی پێست دەکات و دەڵێت:پاکڕاگرتنی پێست لە گشت وەرزەکاندا و لەگەڵ گۆڕینی پلەکانی گەرما شتێکی زۆر گرنگە چونکە لەگەڵ گۆڕینی وەرزەکاندا پێویستە بە پێی ئەو وەرزە کرێمیش بگۆڕدرێت و پێویستە ئەو کرێمانە بە کارهێنرێت کە زەیتیان تێدایە چونکە زەیت هاوکاری شێداری پێست دەکات ، جۆری زەیتیش دەبێت بە پێی جۆری پێست هەڵبژێردرێت چونکە هەموو زەیتێکیش باش نین بۆ پێست هەندێکیان دەبنە هۆی ئەوەی پەڵەی ڕەش لەسەر پێست دروست بکەن ، هەر بۆیە زەیتی بادەم و زەیتی ئەڤۆکادۆ یەکێکن لە باشترین زەیت بۆ پێست ، لە وەرزی زستاندا خەڵک وا ئارەزوو دەکەن کە خۆیان بە ئاوی زۆر گەرم دەشۆن بەڵام وا باشترە ئاوی گەرم زۆر بە کار نەهێنرێت چونکە ئاوی گەرم دەبێتە هۆی وشکبوونی پێست.

چی بکەین بۆ ئەوەی منداڵەکانمان ئاڵودە نەبن بە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان؟



ئامادەکردنی:ئەندازیار کێوان حسن

لە جێگای ئەو منداڵانەی کە لە کۆڵانەکاندا یاریبان دەکرد و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان بەهێز دەکرد، ئێستا کۆمەڵێک منداڵ هەیە کە مۆبایل یان تابلێتێکی بەدەستەوەیە ، یاخود بە هۆی یارییەکانی کۆمپیوتەرەوە هۆشی لای خۆی نەماوە، یاخود بەردەوام بە دیار تەلەڤیزیۆنەوە دانیشتووە و بە هیچ شێوەیەک هەڵناسێت. پسپۆڕانی بواری منداڵ هاوڕان لەسەر ئەوەی ئاڵودە بوونی منداڵ بە یارییەکانی کۆمپیوتەر و مۆبایل یاخود زۆر دانیشتن بە دیار شاشەی تەلەڤیزیۆنەوە، لە بابەتی هێزی فێربوونداً ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبنەوە. سەدەی ٢١ گۆڕانکاریەکی گەورەی بەسەر داهات کاتێک تەکنەلۆژیا دەستی بەسەر زیانی ڕۆژانەی خەڵکدا گرت چ لە ڕوبی زانستیەوە یاخود لە ڕوبی پیشەییەوە، بەجۆرێک وای لێهات زۆرێک لەو کەرەستانەی ڕۆژانە بەکاردەهاتن تەکنەلۆژیا شۆینی گرتەوە کە ناوی لێندرا شۆرشی تەکنەلۆژیا .لە ڕۆژی ئەمڕۆشماندا سەرەڕای ئەو سودە گەورەیەی کە تەکنەلۆژیا بە منداڵانی دەبەخشێت وەکو سود گەیاند بە منداڵان لە ڕوی زانینی زانیاریەکی زۆر بەهۆی ئاسانی گەیشتن بەزانیاریەکان، بەڵام زیانەکانی زۆر زیاترن لە سودەکانی.

لێرەدا دەمانەوێت چەند خاڵێک بۆ دایکان و باوکان باس بکەین بۆ ئەوەی منداڵەکانیان ئاڵودە نەبن بە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان.

چی بکەین بۆ ئەوەی منداڵەکانمان ئاڵودە نەبن بە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان ؟

هەرگیز ڕێگا بە منداڵانی خوار تەمەن ٢ ساڵ مەدەن تەماشای تەلەڤیزیۆن بکات، وە منداڵانی سەروو دوو ساڵ تەنها ١ بۆ ٢ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا دەتوانن سەیری تەلەڤیزیۆن بکەن.بە شێوەیەکی نەرم و لەسەرخۆ، بە زمانێک کە منداڵەکەت لێت تێدەگات باسی زیانەکانی ئامێرە تەکنەلۆژیاکانی بۆ بکە.

هەرگیز کۆنترۆڵی تەلەڤیزیۆن مەدەنە دەست منداڵەکانتان و بە تەنها بە دیار شاشەی تەلەڤیزیۆنەوە جێیان بهێڵن. با خۆی ئەو شتە دیاری نەکات کە دەیەوێت تەماشای بکات، بەڵکو ئێوە بۆی دیاری بکەن.

هیچ کات ئەوەتان لەبیر نەچێت کە هێشتا زووە بۆ منداڵانی خوار تەمەن سێ ساڵ بۆ ئەوەی بە کۆمپیوتەر ئاشنا بێت. بە دڵنیاییەوە پێویستە ڕێگری لە منداڵ بکرێت ئینتەرنێت بەکار بهێنێت، ئەگەر هەر بەکارهێنرا پێویستە مالپەرە نەشیاوەکان بۆ منداڵان قەدەغە بکرێت و لە ژێر چاودێری خێزانداً بەکار بهێنرێت. لە بری ئەوەی هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا بە تەواوی قەدەغە بکەن، سنووردارییان بکەن. لەو بابەتەدا کۆمەڵێک یاسای شیاو بە گوێرەی منداڵەکەتان دابنێن و بە زمانێکی شیرین منداڵەکانتان لەسەر ئەو یاسایانە ڕابێنن، بەو شێوەیە فێری پابەندبوون بە یاسا دەبێت.

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا وەک خەڵاتێک بۆ منداڵ بەکار مەهێنن. (بۆ نموونە پێیان مەڵێن ئەگەر زوو ئەرکەکەت تەواو بکەیت دەتوانیت کاژێرێک زیاتر تەماشای مۆبایل بکەیت(.

هەرگیز ڕێگە مەدەن ئامێرە تەکنەلۆژییەکان جێگەی پەرتووک و تیانووس و قوربی دەستکرد و یارییە فێرکارییەکان و ئەو یارییانەی دەبێتە هۆی زیادبوونی توناکانی مێشک بگرێتەوە.بەردەوام هەوڵ بدەن منداڵەکانتان لە ناخەوە ئاسوودە بکەن و هەرگیز ترس و تووندوتیژی بەرامبەر بە منداڵەکانتان بەکار مەهێنن. بەردەوام هەوڵ بدەن کار و چالاکییەک بدۆزنەوە بۆ منداڵەکان کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە سوودی پێ بگەیەنێت و کاتێک هەست دەکات پێویستی بە ئینتەرنێت هەیە دەتوانیت لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەوە پێویستییەکانی جێبەجێ بکەیت و کاتە بەتاڵەکانی پڕ بکەیتەوە.لە هەمور شتێک گرنگتر بۆ منداڵ دایک و باوکە نموونەیەکی باڵایە بۆ منداڵ بۆ ئەوەی لاسایی بکاتەوە. لەبەر ئەوە پێویستە دایک و باوک زۆر بە هەستیاری دەربارەی ئەو بابەتە هەڵسوکەوت بکەن و ببنە نموونەیەکی باڵا بۆ منداڵەکانیان.







ئەمشەو دێربی تورِەیی لەنێوان ئینتەر و ئەی سی میلان بەڕێوەدەچێت

ئەمشەو هەردوو یانەکەی میلانێ، ئەی سی میلان و ئینتەر میلان لە دێربی تورِەییدا لەمیانی یارییەکانی جەولەی 23ی خولی ئیتالّی لەسەر یاریگای سان سیرۆ بەیەک دەگەن.

ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان خالّەکانی هەردوو یانەدا هەیە بەلاّم هەمیشە ئەو دێربییە تایبەتمەندی خۆی هەبوو و لەسەر ئاستی میدیاکانی ئیتالّیا و جیهانیش بایەخی خۆی هەیە، هەر بۆیەشە بەدێربی تورِەیی ناودەبرێت، 3 خالّی ئەو یارییە بۆ هەردوولا گرنگی خۆی هەیە، ئینتەر بەجیاوازی 3خالّ لەپەلەی دووەم و لەدوای یانەی یۆڤینتۆسەوە دێت و لەدەستدانی سێ دەکات بۆ لازیو کە تەنها یەک خالّیان نێوانە، لەبەرامبەردا یانەی میلان کە ئەم وەرزە ئاستی وەک پێویست نەبووە، زۆر خالّەکە هەڕەشەی جێهێشتنی ئەو شوێنە پێرِیستی بە 3خالّی یارییەکەیە بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت کورسییەکی ئەوروپا مسۆگەر بکات، کە ئێستا بە 32خالّ لە پلەی هەشتەم دێت.


ئەرژەنتین سەرکەوت بۆ ئۆلّۆمپیادی تۆکیۆ و بەڕازیلیش حالّی شڕە



هەلّبژاردەی تۆپی پێی ئەرژەنتین چووە ریز ئەو 13 هەلّبژاردەیەی گەیشتوونەتە ئۆلّۆمپیادی تۆکیۆی 2020؟ دوای ئەوەی لە هەلّبژاردەی کۆلّۆمبیای بردەوە و بە 6خالّ پێشەنگی گرووپەکەی گرت، لەلایەکی دیکەوە هەلّبژاردەی بەڕازیل دووەم یاریيە ناتوانێت بباتەوە و لە دوو یاریيدا تەنها دوو خالّی هەیە، یاریی داهاتووی بەرامبەرە هەلّبژاردەی ئەرژەنتینە و دەبێ ئەو یاریيە ببات‌ەوە تا بە پلەی دووەم سەرکەوێت.

جێی باسە ئەو هەلّبژاردانەی تا ئێستا سەرکەوتوون بۆ ئۆلّۆمپیادی تۆکیۆ بریتین لە هەلّبژاردەکانی ژاپۆن، قەرەنسا، ئەلّمانیا، ڕۆمانیا، ئیسپانیا، نیوزلەندا، میسر، کوتدیڤوار، خواروی ئەفریقیا، ئوستراليا، سعودیە، کۆریای باشوور.

تۆنی کروس لە کۆتایی کاروانەکەی نزیک بۆتەوە



تۆنی کروسی ئەلّمانی، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، دووپاتی کردەوە، کاروانی وەرزشی لەسەر لاکێشەی سەوز، لە کۆتایی نزیک بووەتەوە. کروس، لەو لێدوانەیەدا کە ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی بڵاوی کردووەتەوە وتی: تەمەنم نێستا 30ساڵە، ئەوەش کاتێکی باشە بۆ بیرکردنەوە، زیاتر لەوە چیم دەوێت؟ کاروانەکەم زۆر لەمە زیاتر درێژ نابێتەوە، دڵنیام لەوەی تاکو تەمەنی 38ساڵی یاری ناکەم. وتیشی: زیاتر لە پێنج ساڵە لە ریزەکانی ریال مەدرید یاری دەکەم، خێزانەکەم لێرە زۆر دڵخۆشن، منداڵەکانیشم لێرە دەچنە قوتابخانە، بۆیە دەبێت بڕیارێکی دروست بدەم.

هەروەها گوتی: هەستی بردنەوەی نازناوەکان ئالّوودە بوونە، هەر بۆیە هێشتا یاری دەکەم، باشترین نمونەش خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپایە، ئاسایی نەبوو سێجار لەسەر یەک نازناوەکە بەدەست بهێنین. لە کۆتاییشدا وتی: لەو ساتەدا درکمان بەو برسیەتییە کرد کەلە ناخمان دایە و ڕۆ چووەتە نێو هەموو تیپەکەوە، ئەو وەرزەش برسیەتیەکەمان بۆ گەڕاوەتەوە، بێئەوەی بزانین بەرەو کوێمان دەبات". شیاوی باسکردنە، تۆنی کروس، لە هاوینی 2014، چووەتە ریزەکانی ریال مەدرید و توانیوویەتی تاکو ئێستا 13نازناوی لەگەڵدا بەدەست بهێنێت.

ڕەمزی میرەکانی

لەیارییەکانی خولی نایابی کوردستاندا:
بەهاتریکی دیار عەلی، یانەی نەورۆز لەسۆرانی بردەوە و پێشەنگ وەرگرت



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئومێد ئیبراهیم

ئەم هەفتەیە لەقۆناخی دووەم ولە گەڕی چواردەهەمینی خولی نایابی کوردستان چەندین یاری گرنگ و بەهێز بەڕێوەچوو ،لەگرینگترین یاریشدا هەردوو یانەی نەورۆز و سۆران لەیاریگای نەورۆز لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو، یاریيەکە لەبەرژەوەندی خاوەن یاریگا بەئەنجامی 1-4گۆڵ کۆتایی هات ، یاریزانی نەورۆز دیار عەلی توانی هاتریک تۆمار بکات و تیپی بەرامبەر ناچاری دۆاندن بکات ،یانەی نەورۆز بەم سەرکەوتنە گرینگە توانی بەکۆکردنەوەی 22خاڵ خۆی بگەیەنێتە پێشەنگی یانەکان، لەبەرانبەردا سۆران بەم دۆراندنە کۆی خاڵەکانی لە 16خاڵ مایەوەو لەپلەی هەشتەمی ڕێزبەندی خولەکەدا جێگیربووە، هەروەها لەیاریيەکی دیکەدا و هەر لەدرێژەی یاریيەکانی خولی نایابی کوردستان، یانەی شێروانە میواندارى لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر کرد ، یاریيەکە لەبەرژەوەندی تیپی میوان کۆتایی هات و دوای ئەوەی بەئەنجامی گۆڵێکی بێ وەڵام توانی لەشێروانەی خاوەن یاریگا وهاندەر ببات‌ەوە 3خاڵی گرینگی یاریيەکەی لەسەر دەستی ئەو یانەیە دەستەبەرکرد، بەم بردنەوەیە پێشمەرگەی هەولێر بەکۆکردنەوەی 22 خاڵ بەجیاوازی گۆڵ لەگەڵ یانەی نەورۆز هاتە پلەی دووەم، لەبەرانبەردا یانەی شێروانە بەم دۆراندنە کۆی خاڵەکانی هەر لە 9خاڵ مایەوە و لەدواهەمین ڕێزبەندی خولەکەدا دەبیندرێت.

لەیاری سێیەمدا لەیاریگای یانەی وەرزشی برایەتی ، هەردوو یانەی برایەتی وهەندرێن ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، لەیاریيەکەدا یانەی برایەتی توانی بەئەنجامی 1-2گۆڵ لەیانەی هەندرێن ببات‌ەوەو 3خاڵی گرینگی بۆخۆی دەستەبەرکرد، برایەتی بەم ئەنجامە بەکۆکردنەوەی 19خاڵ هاتە پلەی شەشەمی ڕێزبەندی خولەکە، لەبەرانبەردا هەندرێن بەم دۆراندنە بەکۆکردنەوەی 15 خاڵ لەپلەی نۆیەمدا جێگیر بووە، ئەم هەفتەیەش بەسەرکەوتوویی گەڕی چواردەهەمینی خولی نایابی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئەنجامی یاریيەکانی دیکە بەمشێوەیە بوو:

پێشمەرگەی سلێمانی *4هەولێر 1
دهۆک *2دەربەندیخان 0
زێرەڤانی * 1سیروانی نوێ 0

ئەم هەفتەیە یانەی سیروانی نوێ چاوەڕوان بوو.

ڕێزبەندی قۆناخی دووەم و گەڕی چواردەهەمینی خولی نایابی کوردستان لەپلەی یەکەم تاپلەی سێیەم بەمشێوەیە دەبێت: 1- نەورۆز 22خاڵ 2- پێشمەرگەی هەولێر 22خاڵ 3- سیروانی نوێ 20خاڵ.

سۆلین سلێمان

وا پێشبینی دەکرێت هێرشبەرە بەتواناکەی یانەی یۆڤێینتۆس پاوڵۆ دیبالا گرێبەستەکەی نوێ بکاتەوە و هەر بەدرێسی ئەو یانەیە چەندین ساڵی دیکە یاری بکات.

ڕۆژنامەکانی ئیتالّیا بڵاویان کردەوە کە یانەی یۆڤی لەهەوڵی ئەوەدایە گرێبەستەکەی ئەو یاریزانە ئەرژەنتینیە تا ساڵی 2025درێژ بکاتەوە و دیبالاش لەو یانەیە ئاسوودەیە و نایەوێ ڕوو بکاتە هیچ یانەیەکی دیکە.



یۆڤی دەیەوێ دیبالا 5ساڵی دیکە یارییان بۆ بکات

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com


KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun.9. Feb. 2020 No: (5928)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کورتە فیلمی کێشە بێ کۆتاکان بەرهەمهات

هاوبەش ئەیوب: ئەم کورتە فیلمە باس لەکێشەکانی نێوان ژن و مێرد و ژیان و گوزەرانی نالەباری منالّی شەهید و کارکردن بە منالّی خوار تەمەن 18ساڵی دەکات





خەبات: بەرهەم شێخ عزەدین

کورتە فیلمی کێشە بێکۆتاکان لەکاری مۆناتاژدایە دەربارەی ناوەڕۆکی ئەم فیلمە ئەکتری ڕۆح سوکی خنجیلانەی بەتوانا کاکە (هاوبەش ئەیوبە) بەخەباتی گوت:ئەکادیمیاو ستۆدیۆ و ناوەندی سینەمایی و هونەری دەست لە هەولێر هەڵدەستێت بە مۆنتاژ کردنی کورتە فیلمی (کێشە بێ کۆتاکان) ئەم کورتە فیلمە لە سیناریۆ و دەرهێنانی ئاکۆ شارۆشی یە .بیرۆکە و بەڕێوەبەری بەرهەم کاربین سەلام، لۆکەیشن سلێمانی و دەوروبەری سلێمانی، بابەتی کورتەفیلمەکە باس لە:پێکەوە نەگونجانی ژن و مێرد و جیاوازی خەسڵەتی کەسایەتیان دەکات ،هەروەها باس لە ژیانی و گوزەرانی نالەباری منالّی شەهید و کارکردن بە منالّی خوار تەمەن18ساڵ و مامەڵەی خراپی گەورەکان بەرامبەر منداڵ و هەست بریندار کردنی منداڵ و دیار دەی هەڵەی بە شانس کردنی هاوسەرگیری لەخۆدەگرێت،ئەوئەکتەرە جوارنەزیاتر گوتی: هیچ سپۆنسەرێک نیە بۆ ئەم کورتەفیلمە بەڵکو خەرجی بەرهەم هێنانی لە ئەستۆی دەرهێنەرە،وە خەرجی هاتوچۆی ئەکتەران لەئەستۆی بەڕێوەبەری بەرهەمەاستافی کارلەم کورتە فیلمە بەم جۆرە یە: کامێرا بالاّ ئاکۆ، مۆنتاژ یاسین عومەر ئیبراهیم،دەنگ هەڵگر کاربین سەلام ، منداڵ (بەیسائاکۆ ، ڕەنو ڕەهێڵ ، هاوبەش ئەیوب ، هەردی کاوە) ،کۆی ئەکتەرەکانی کورتەفیلمی (کێشە بێ کۆتاکان) بریتی یە لە (16) شانزە ئەکتەر واتا (4) چوار ئەکتەری منداڵ و (7)حەوت ئەکتەری پیاو و (5) پێنج خانم ئەکتەر.جێی ئاماژەیە هاوبەش ئەیوب ئەوکتەرە منداڵەی لە تەمەنی (10)ساڵە و لە(7)ساڵی دەستی کردوە بەشداری فیلمی هیوای کردوە ،خەڵاتی باشترین ئەکتەری منالّی بێ بەخشراوە لە فیستڤانی نێوە دەوڵاتی لەشاری بەسرا دووم بەشداری پەیکەری دڵی کردوە ،وە بەشداری کورتە فیلمی کێشە بێ کۆتاکانی کردوە ،وە لە شانۆیی دوومنالّە بەشداری کردوە وە،جگە لەبواری نواندن خاوەنی چوار گۆرانی خۆیەتی وە بەشداری چەند کۆنێسرتێکی کردوە لەگەڵ تیپی هونەری منالاّنی سلێمانی.



بارزانی و شۆڕشی بۆ ئاشتی

بارزانی و شۆرشی بۆ ئاشتی، ئەمە ناونیشانی ئەو کتێبەیە کە ڕێژین جەبار، وەک هەگبەی بیرەوەریەکانی خۆی یاداشتی کردوون و لە میانی خوێندنەوەی سەرچاوەکان کۆی کردونەتەوەو لە دوو تۆێ کتێبێکی قەبارە مام ناوەندی لەبەرگێکی هونەری بلاّویکردۆتەوە. ناوەرۆکی کتێبەکە بە شێوەیەکی گشتی باس لە سەرکردەی نەمری کورد، مەلا مستەفای بارزانی و بارزان و سەرکردەکانی دیکەی کورد دەکات، هاوکات بەشێوەی شرۆڤەی میژوویی جەختی لەسەر کۆمەلێک تەوەر کردۆتەوە لەوانە: بارزان و پێکهاتەی بارزان، شێوەو ڕوالّەت و خەسڵەتەکانی بارزانی، ژیانی بارزانی، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمودی حەفید، بە هاناوەچوونی "بارزانی" بۆ پاشا ئەندرێکی، ڕاگواستنی شێخ ئەحمەد و خانەوادەکەی، قازی محەمەد ، بارزانییەکان لە کۆماری مەهاباتدا ،دەسگیرکردنی قازی محەمەد و هاوەڵانی و لە سێدارەدانیان، بەرەوسۆڤیەت ،شۆڕشی14ی تەموووز و گرنگی بۆ بارزانییەکان، گەڕانەوەی بارزانی لە مۆسکۆوە بۆ وڵات سەرەتای گرژی و ئاڵۆزی نێوان "بارزانی" و"عەبدولکەریم قاسم، هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وتاری"بارزانی"لە15ی نیسانی 1967 ، بەیاننامەی11ئاداری 1970هەوڵەکانیبەعس، بۆ تیرۆرکردنی "بارزانی" ڕێکەوتننامەی جەزائیر و کاریگەری لەسەر شۆڕش، تێکچوونی باری تەندروستی "بارزانی" ، وەفاتی "بارزانی"، ئەلبومی وێنەکان.

پێشانگایەکی شێوەکاری لە خانەقین کرایەوە



خەبات سەربەست بڕێز

سەنتەری گەنجانی خانەقینی سەربەمندالّپارێزی کوردستان لە هۆڵی سەنتەری ناو براو بە ئامادەبونی قایمقامی خانەقین و بەرپرسانی حزبی و حکومی و ڕۆشنبیران و جەماوەری شارەکە پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ بیست و پێنج هونەرمەندی لاوی شاری خانەقین کردوە ، جێگای ئاماژە پێکردنە کە پێشانگاکە دەیان تابلۆی لەخۆ گرتبوو زۆر بەی تابلۆکان گوزارشتیان لە کەلتور و کەلەپوری کوردستان و ناوچەی گەرمەسێر دەکرد .


ڤایرۆسی کورۆنا

ماڵپەری ئەلجەزیرە نت، لەژێر ناونیشانی (لایەنی نادیار دەربارەی ڤایرۆسی کورۆنا) بابەتێکی بلاّو کردۆتەوە، تێدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کەوا ڕاپۆرتە پزیشکیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەر کەسێک لە چین دووچاری ڤایرۆسی کورۆنا بێت، ئەوە سێ کەسی دیکەش لەگەلی تووشی هەمان ڤایرۆسی کورۆنا دەبن. هاوکات ڕاپۆرتەکان ئاماژە بە بلاّو بوونەوەی خێرای ئەو ڤایرۆسە دەکەن، تەنانەت گومانیش دەکرێ کە بتوانرێ لەم نزیکانە دژە ڤایرۆسی کورۆنا بدۆزرێتەوە بۆیە پێشبینی دەکرێ قوربانی زۆرتری لێ بکەوێتەوە. لێکۆڵەرەوان ئەم ڤایرۆسی کورۆنایەیان بە ڤایرۆسەکانی دیکە بەراورد کردووەو بۆیان دەرکەوتووە کە ڤایرۆسی کورۆنا ڕێژەو خێرایی بلاّو بوونەوەکەی زۆر زیاترە لەوانی دیکە هەر ئەمەشە مەترسییەکەی لە جیهان زیاتر کردووە.



چین لە نێوان دوو ڤایرۆسدا

ماڵپەری ئەلعەرەبیە نت، لەژێر ناونیشانی (چین لە نێوان دوو ڤایرۆس) بابەتێکی بلاّو کردۆتەوە، تێدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کەوا هەر کەسێک دیمەنی شپرەزەی ناو شاری وهانی چینی ببینێ، ئەو کات هەست بە مەترسی جدی دەکات لەبارەی بلاّو بوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا. وەک ئەوەیە کە تەماشای فلمێکی تراژیدی ترسێنەر بکەی. بەجۆرێک ئەو شارەی خودان یانزە ملیۆن هاوڵاتییە هەموو دەروازەکانی بەسەردا داخراوە و لەگەل دنیای دەرەوە دابڕاوە، بلاّوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا خەریکە بەتەواوەتی گەشتی تەیارەو ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەریش ئیفلیج دەکات، ئەوە بەو مانایە دێ کە چین ڕووبەرووی قەیرانێکی گەورەی ئابوری دەبێتەوەو ڕۆژانە زیانەکانی لەبەرزبوونەوە دایە.



دیمەنی چیای سورێن و شنرۆ لە وەرزی زستاندا

ڕۆڵی ڤیتامین دی بۆ ڕووبەرووبوونەوەی نەخۆشییە هەوکردنەکان

لە ماڵپەری میدیکال ئیسکپریس بابەتێک بە ناونیشانی " ڕۆڵی ڤیتامین دی بۆ ڕووبەرووبوونەوەی نەخۆشییە هەوکردنەکان "، بڵاو کراوەتەوە، کە لە چەند بەشێکیدا هاتووە:پزیشکانی ئەمەریکی لە توێژینەوەکانی خۆیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە باکتریانەی کە هۆکاری نەخۆشین لە نێو بریندکان پێست کەم بکاتەوە . هەروەها ڤیتامین دی دەتوانێت کاردانەوەی دژە میکرۆبی لە نێو جەستە ڕێک بخات .ڤیتامین دی شڵەمەنییەکە لە نێو چەوری و هەروەها لە نێو ماددە خۆراکییەکان کە پرۆسەی لە خۆگرتنی کالسیۆم لە نێو کۆڵۆن زیاتر دەکات و بۆ گەشەکردنی ئێسکەکان زەروو . هەروەها بەکەوتنە ژێر کاریگەری تیشکی خۆر دەکرێت ئەو ڤیتامینە لە نێو جەستە بەرهەم بێت و هەروەها بۆ گەشەکردنی خانەکان و کەمکردنەوەی نەخۆشییە هەوکردنەکان زۆرگرنگە .پزیشکانی ئەمەریکی لە توێژینەوەکانی خۆیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو مشکانەی کە خاوەن جیناتی " سی ئەی ئێم پی " بوون بەرامبەر بە هەوکردنەکانی کۆڵۆن بەرگریان بەهێزتر بوو و هەروەها نەخۆشیی هەوکردنەکانی پێست لە نێویاندا بە هۆی ئەو ڤیتامینەوە چارەسەری هەیە.